تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5820) سێشەممە 3ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پارتی 3 ئەندامی ئەنجوومەن و 3 بەڕێوەبەری گشتیی بەرکەوتووە

لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە ڕێککەوتن

لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە، بە ئامادەبوونی پارێزگار و جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، سەبارەت بە پرسی پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کۆبوونەوەو لەسەر ئەنجوومەنی پارێزگا ڕێککەوتن.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بە بڕیاری چەند کەسێک کارکردنی دامەزراوەی کوردستان 24 لە باکووری سووریا ڕاگیراوە

دامەزراوەی کوردستان 24 بڕ تۆڕێنەوە و ڕاگەیاندن لە بەیاننامەیەکدا ناڕەزایەتی لە هەمبەر ڕاگرتنی کارەکانیان لە باکووری سووریا دەربڕیوە. کوردستان 24 ڕایدەگەیەنێت کە بە بڕیاری چەند کەسێک و بەبێ هیچ هۆکارێکی واقیعی، کارکردنی دامەزراوەکەمان لە باکووری سووریا ڕاگیراوە و مۆڵەتەکەشیان هەڵپەساردووین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

شاندێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەبارەی پرسی پارێزگاری کەرکووک سەردانی بەغدا دەکەن



مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا باس لە ڕای فەرمیی پارتی دەکات لەبارەی کەرکووک و هەوڵی پارتی بۆ یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان سەبارەت بە کەرکووک.
سەبارەت بە کاتی دەستبەکاربوونی کاندیدی پارێزگاری کەرکووک لە پۆستەکەیدا، مەحمود محەمەد گوتی: دەبێت لایەنەکانی تریش بۆچوونیان وەربگیرێت و بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لە چەند ڕۆژی ئایندەدا سەردانی بەغدا دەکەن تا لەوێ نوێنەرانی عەرەب و تورکمان ببینن تا ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەری هەبێت.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پاڵپشتیی خۆی بۆ ئیدارەی مووسڵ ڕاگەیاند

دوێنێ دووشەممە 2019/9/2 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مەنسوور مورعید پارێزگاری موسڵ کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی ئیداری و خزمەتگوزاری و بار و گوزەرانی دانیشتوانی مووسڵ و پارێزگای نەینەوا خرایە بەر باس و گفتوگۆ و هەروەها بارودۆخی ئاوارەکان و پرۆسەی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانیان تاوتوێ کرا.
لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی پاڵپشتیی تەواوی خۆی بۆ ئیدارەی مووسڵ ڕاگەیاند لە کارەکانیان لەپێناو خزمەتی خەڵک و باشترکردنی دۆخی ژیانی ئاوارەکان.
هەر لەو دانیشتنەدا جەخت لەسەر پێویستیی هەماهەنگیی بەردەوامی نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوا کرایەوە.

شارەزایەکی هەڵبژاردنەکان:

ڕەوشی کەرکووک و شنگال و خانەقین بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن گونجاو نییە

بڕیارە ڕۆژی 20ی نیسانی ساڵی داهاتوو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت، چاودێرانیش لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان بەگومانن، ئەویش بە هۆی ڕەوشی ناڵۆزی ئەو ناوچانەوە، شارەزایەکی هەڵبژاردنەکانیش نایشارێتەوە، لە هەندێ ناوچە پرۆسەی هەڵبژاردن بێ کێشە نابێت و دەڵێ، حزبێک بارەگای داگیر کرابێت، چۆن دەتوانێت بە ئاسانی لە هەڵبژاردندا بەشدار بێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئاسایشی هەولێر تیرۆریستەکەی کەمپی دیبەگەی دەستگیر کرد

ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، داعشێکیان دەستگیرکردووە، کە تاوانبارە بە سەربڕینی هاووڵاتییەکەی کەمپی دیبەگە، هاوکات دانیشی بەوەدا ناوە کە چەند کەسێکی دیکەیشی لەگەڵ بووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆکی پێشووی تەیموری ڕۆژهەڵات:

توانای کورد لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایانی ڕێزە

جوزیە ڕامۆس هورتا سەرۆکی پێشووی تەیموری ڕۆژهەڵات کە یەکەم سەرۆکی ئەم وڵاتە بوو دوای سەربەخۆیی لەساڵانی 2007 تاکو 2012، لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی قۆناغەکانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی لە ئیندۆنیزیا و بەراوردی دەکات بە سەربەخۆیی باشووری سودان و لە بەشێکی قسەکانیشیدا باسی گەلی کورد و شارەزایی لەسەر شۆڕشەکانی کورد و هەوڵەکانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی دەکات و دەڵێ "توانای کورد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و وڵاتە خاوەن بەرژەوەندییەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی شایانی ڕێزە". **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دادگای ئەنکەرە بڕیاری بێتاوانیی دەمیرتاشی دەرکرد

دوێنێ دووشەممە میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە دادگای سینجانی ئەنکەرە بڕیاری ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاشی ، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان لە دۆسیەی سەرەکی دەرکردووە، بەڵام بە هۆی دۆسیەکانی دیکەوە، ناوبراو لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

«ئەو تاکتیکەی کە ئێستا داعش بەکاری دێنێت، زۆر مەترسیدارترە لەوەی پێشووتر»

سوپاسالاری پێشووی عێراق گوتی، داعش بووتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر عێراق و لە هەموو ناوچەکان بوونیان هەیە. دەشڵێ، هۆکاری سەرهەڵدانەوەی داعش، بۆ تەعداکردنی هێزە عێراقییەکان لە خەڵک دەگەڕێتەوە و ئەوانیش وەکو کاردانەوە دەبنە داعش. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



لە باکووری کوردستان ڕێنیەوەی بیبەری تووند دەستپێکرد

بیبەری ڕەنگ سووری تووند کە بە یەکێک لە سیمبولەکانی شاری ئورفا دادەنرێت و هاووڵاتیان ناتوانن واز لە خواردنی ئەو بیبەرە بهێنن، لە ئێستادا پێگەیشتووە و کاتی ڕێنینەوەیەتی لەشاری ئورفای باکووری کوردستان کە بە دەوڵەمەندی لە هەمەچەشنی کولتووری خواردن ناسراوە. **(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)**



ڕێژەی بێکاری لە سەرانسەری عێراق 38٪ی تێپەڕاندووە

بەپێی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕێژەی بێکاری لەسەرتاسەری پارێزگاکانی عێراق 38٪ی تێپەڕاندووە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

هەڵەبجە.. لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەنجوومەنی پارێزگا رێککەوتن

بەسام عەلی بۆ «خەبات»: پارتی 3 ئەندامی ئەنجوومەن و 3 بەڕێوەبەری گشتیی بەرکەوتووە



لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە، بە ئامادەبوونی پارێزگار و جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، سەبارەت بە پرسی پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کۆبوونەوەو لەسەر ئەنجوومەنی پارێزگا رێککەوتن. بەسام عەلی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ دووشەمە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا و سێ بەڕێوەبەری گشتیی هەڵەبجەی بەر دەکەوێت ، لەگەڵ ئەوەش پۆستی بەڕێوەبەری شارەدێی "بەمۆش"ی بەردەکەوێت هەتا ئەوکاتەی کە قەزای خورماڵ پێکدێت ، بەپێی کەمتەرخەم نابین بەرامبەر خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە و بەرامبەر کەسوکاری هەڵەبجە و هەرچیمان پێ بکرێت بۆ هەڵەبجە.

جێی باسە بەپێی رێککەوتنی لایەنەکانیش لە 2017/3/12 کە واژۆیان کردووە، ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، 25 کورسی دەبێت، لەو ژمارەیەش یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان 6 کورسی، بزوتنەوەی گۆڕان5 کورسی، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی پێکەوە7 کورسی، پارتی دیموکراتی کوردستان 7 کورسی بەردەکەوێت، هاوکات کاکەییەکانی هەڵەبجە یەک کورسی و حزبی شیوعی و سۆسیالیست دیموکراتیی کوردستان پێکەوە کورسییەکیان بەر دەکەوێت.

ئاسایشی هەولێر تیرۆریستەکەی کەمپی دیبەگەی دەستگیر کرد

ئاسایشی هەولێر رایدەگەیەنێت، داعشێکیان دەستگیرکردووە، کە تاوانبارە بە سەربڕینی هاوڵاتییەکەی کەمپی دیبەگە، هاوکات دانیشی بەوەدا ناوە کە چەند کەسێکی دیکەیشی لەگەڵ بووە. لە ڕاگەیەندراوێکی ئاسایشی هەولێردا ئاماژە بەوەکراوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا، کەسێکی تەمەن 15 ساڵیان دەستگیرکردووە، کە سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشە و لەگەڵ 4 کەسی دیکەدا هاوواڵتییەکیان سەربڕیوە. ئاسایشی هەولێر ناوی تیرۆریستەکەش ئاشکرا دەکات، کە ئەحمەد خەلیفە ئەحمەد مەتەر کوخانی لەدایکبووی 2004ـە و لەگەڵ 4 کەسی دیکە و لەسەر ڕاسپاردەی داعش، هاوواڵتییەکیان بە ناوی یوسف عامر محەمەد سەربڕیوە، سەرجەمیشیان نیشتەجێی کەمپەکەن. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیاندراوێک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بەرەبەیانی شەوی ڕابردوو 1/9/2019 ڕووداوێکی کوشتن لەکامپی ئاوارەکانی ناحیەی دیبەگە ڕوویدا، کەتیایدا هاوواڵتیەکی دانیشتووی کەمپەکە بەناوی (یوسف عامر محەمەد) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی دەوروبەری قەزای شەرگاتە، بەسەر بڕاوی دۆزرایەوە.

دوای گەیشتنی هەواڵەکە بە ئێمە تیمەکانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیمان هەڵسان بە لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەم تاوانە و لە ئەنجامدا توانرا یەکێک لە تاوانباران بەناوی (ئەحمەد خەلیفە ئەحمەد مەتەر کوخان) لەدایکبووی 2004 دانیشتووی کەمپەکە دەستگیر بکرێت.


تاوانبار دانیناوە بەوەی سەر بە تیرۆرستانی داعشە و لەگەڵ چوار تیرۆرستی تر هەڵساون بە ئەنجامدانی ئەم تاوانە لەسەر ڕاسپاردەی داعش.

تاوانبار بەماددەی 4ی تیرۆر بەندە و لێکۆڵینەوەی زیاتری لەگەڵ دەکرێت و بەدواداچوونیش بۆ دەستگیرکردنی تاوانبارانی تر بەردەوامە.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر
2019/9/1

کوردستان 24:
بە بڕیاری چەند کەسێک کارکردنی دامەزراوەکەمان لە باکووری سووریا ڕاگیراوە

بەناچاری پشت بە سەرچاوەی دیکەی میدیایی دەبەستین



دامەزراوەی کوردستان24 بۆ تۆڕێنەوە و ڕاگەیاندن لە بەیاننامەیەکدا ناڕەزایەتی لە هەمبەر ڕاگرتنی کارەکانیان لە باکووری سووریا دەربڕیوە.

کوردستان 24 ڕایدەگەیەنێت کە بە بڕیاری چەند کەسێک و بەبێ هیچ هۆکارێکی واقیعی، کارکردنی دامەزراوەکەمان لە باکووری سووریا ڕاگیراوە و مۆڵەتەکەشیان هەڵپەساردووین.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا دامەزراوەیی کوردستان24 کە ئاراستەی هەریەک لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، سەندیکای ڕۆژنامەڤانانی کوردستان-سووریا، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، وەزارەتی دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو، ڕێکخراو و دامەزراوەکانی داکۆکیکار لە ئازادی ڕۆژنامەوانیی کردووە، ئاماژەی بەوەکردووە کە کەناڵەکەیان ماوەی چەند ساڵێکە لە باکووری سووریا بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە ئیدارەی ناوچەکە لە کاری ڕۆژنامەوانی بە ڕەچاوکردنی بنەما پیشەییەکان، بەردەوامە و ڕایگەیاندووە کە لە زۆربەی بەرەکانی جەنگ و ئالۆزییەکانی ئەو ناوچەیە، تیمە ڕۆژنامەوانییەکانیان گیانی خۆیان خستووەتە مەترسی و بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی میدیا و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان، کەچی ئەوەی مایەی نیگەرانییە مانگێک زیاترە بە بڕیاری چەند کەسێکی ناو ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان و بەبێ هیچ هۆکارێکی واقیعی، کارکردنی دامەزراوەکەمان لە باکووری سووریا ڕاگیراوە و مۆڵەتەکەشیان هەڵپەساردووین.

لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیشکراوە کە لەو ماوەیەش هەوڵ و دانوستانیان لەگەڵ ئیدارەی ناوچەکە بۆ دەستپێکردنەوەی کارەکانیان، بێ ئەنجام بووە، بۆیە بڕیارياندا کە چیتر چاوەڕوان نەبن و بەناچاری نووسینگەکەیان لەو وڵاتە دابخەن و پشت بە سەرچاوەی دیکەی میدیایی دەبەستن. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەی کوردستان 24دا هاتووە: لە قۆناخی داهاتووی کارەکەماندا لە ناوچەکە هەر وەکو پێشووتر ئێمە پابەندی بنەما پیشەیی و پرەنسیپەکانی کاری میدیایی دەبین و بەوپەڕی هاوسەنگی و بابەتییبوونەوە، مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەین و بۆچوونی تەواوی لایەنەکان لەبارەی تەواوی پرسەکان لەناو کارەکانمان جێدەکەینەوە، بایەخدان بە پرسەکانی هاوواڵتیان و کێشەکانی ڕۆژانەیان کاری لە پێشینەمان دەبێت.

هەروەها کوردستان24 ڕاشیگەیاندووە: لە قۆناخی داهاتووی کارەکەماندا لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەر وەکو پێشووتر ئێمە پابەندی بنەما پیشەیی و پرەنسیپەکانی کاری میدیایی دەبین و بەوپەڕی هاوسەنگی و بابەتییبوونەوە، مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەین و بۆچوونی تەواوی لایەنەکان لەبارەی تەواوی پرسەکان لەناو کارەکانمان جێدەکەینەوە، بایەخدان بە پرسەکانی هاوواڵتیان و کێشەکانی ڕۆژانەیان کاری لە پێشینەمان دەبێت.

هەروەها ڕاشیگەیاندووە: ئەگەرچی بە بڕیارێکی سیاسییانە، دوور خرابینەوە، بەڵام نزیکتر دەبین لە بینەر، بیسەر و خوێنەرانمان و هەوڵ دەدەین وەک پێشوو، ڕووداو و پێشهاتەکان بە زووترین کات و باشترین شێوە بگەینین و ڕای گشتی و جیهانی لە کێشە و ئالۆزی و خەمی هاوواڵتیان ئاگادار بکەینەوە. بۆ هەماهەنگی زیاتریش، چەندین کەناڵی پەیوەندی بۆ پەیام و ناردنی هەواڵ و داواکاری و کێشەکانی خەڵک لە ماوەی داهاتوو دەکەینەوە و دەتوانن بە شێوازێکی جیاواز لەگەڵمان بەردەوام بن.

نوێنەرانی ئاوارەکانی خورماتوو سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن



نوێنەرانی خەڵکی زیانلێکەتوو و ئاوارەی شاری خورماتوو، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد. دوێنێ دووشەمە، جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لێژنەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و ئەندامانی لێژنەکە، پێشوازیی لە نوێنەرانی زیانلێکەوتووانی خورماتوو، کە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون، کردووە.

نوێنەرانی خەڵکی زیانلێکەتووی خورماتوو باسیان لە کێشە و گرفتەکانی خەڵکی شارۆچکەکەیان کردووە و یاداشتێکیشیان سەبارەت بە داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە، پێشکەشی بە لێژنەکە کردووە.

سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە نوێنەرانی خەڵکی زیانلێکەوتووی خورماتووداو، کە بەدواداچوون بۆ کێشەو داواکارییەکانیان بکەن و هەموو توانایەکیشیان بخەنە گەڕ بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی ئەو ناوچانە.

دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شاری خورماتوو و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان داگیر کرد و دەیان خانووی هاوواڵتیانی کوردیان، کە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون، تەقاندەوە و تاڵان کرد.

سەرۆکی پێشووی تەیموری ڕۆژهەڵات و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ «خەبات»:
توانای کورد لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایانی ڕێزە



دیمانە/ مەریوان نەقشبەندی

جوزیە ڕامۆس هورتا سەرۆکی پێشووی تەیموری ڕۆژهەڵات کە یەکەم سەرۆکی ئەم وڵاتە بوو دوای سەربەخۆیی لەساڵانی 2007 تاکو 2012 لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی قۆناغەکانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی لە ئێندۆنیزیا و بەراوردی دەکات بە سەربەخۆیی باشووری سودان و لە بەشێکی قسەکانیشیدا باسی گەلی کورد و شارەزایی لەسەر شۆڕشەکانی کورد و هەوڵەکانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی دەکات و دەڵێ "توانای کورد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و وڵاتە خاوەن بەرژەوەندیەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی شایانی ڕێزە".

سەرەتا پرسیاری ڕۆژنامەی خەباتی لێکردم و دوای ئەوەی پێم ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، گوتی: من زۆر بە وردی موتابەعەی بارودۆخی کوردستان و هەوڵەکانی بارزانی دەکەم بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلەکەی. هەروەها تەئکیدیشی کردەوە کەوا گەلی کورد دەبوو زۆر لەپێش تەیموری ڕۆژهەڵاتەوە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت چونکە ئێمە لەتەیموری ڕۆژهەڵات لەکاتی داواکاریمان بۆ سەربەخۆیی هەوڵمان دەدا سوود لە ئەزموونی زۆربەی گەلە بێ دەوڵەتەکانی دنیا و هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان وەربگرین و کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک بوو لەو گەلانەی کە ئێمە بە وردی چاودێری هەنگاوەکان و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەمان دەکرد. لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی خەبات کە ئاخۆ بەراورد لەنێوان تەیموری ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان دەکرێت؟ بەڕێز جوزیە ڕامۆس هورتا لەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گەلی تەیموری ڕۆژهەڵات و گەلی کورد هەردووکیان خاوەنی ماف و شۆڕشن لەپێناو سەربەخۆیی بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافی گەلی کورد تەواو جیاوازە لەهەڵکەوتەی جوگرافی تەیموری ڕۆژهەڵات، ئێمە لەگەڵ گەورەترین وڵاتی ئیسلامی لە دونیا بەرەتا پرسیاری ڕۆژنامەی خەباتی لێکردم و دوای ئەوەی پێم ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، گوتی: من زۆر بە وردی موتابەعەی بارودۆخی کوردستان و هەوڵەکانی بارزانی دەکەم بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلەکەی. هەروەها تەئکیدیشی کردەوە کەوا گەلی کورد دەبوو زۆر لەپێش تەیموری ڕۆژهەڵاتەوە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت چونکە ئێمە لەتەیموری ڕۆژهەڵات لەکاتی داواکاریمان بۆ سەربەخۆیی هەوڵمان دەدا سوود لە ئەزموونی زۆربەی گەلە بێ دەوڵەتەکانی دنیا و هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان وەربگرین و کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک بوو لەو گەلانەی کە ئێمە بە وردی چاودێری هەنگاوەکان و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەمان دەکرد. لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی خەبات کە ئاخۆ بەراورد لەنێوان تەیموری ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان دەکرێت؟ بەڕێز جوزیە ڕامۆس هورتا لەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گەلی تەیموری ڕۆژهەڵات و گەلی کورد هەردووکیان خاوەنی ماف و شۆڕشن لەپێناو سەربەخۆیی بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافی گەلی کورد تەواو جیاوازە لەهەڵکەوتەی جوگرافی تەیموری ڕۆژهەڵات، ئێمە لەگەڵ گەورەترین وڵاتی ئیسلامی لەکێشە و ململانێدا بووین کە ئێندۆنیزیایە و نزیکەی 80٪ی دانیشتوانەکەی موسڵمانن و تارادەیەکی زۆر هەست بەوە دەکەن کە جگە لەئیسلام باوەڕداری دیکە لە مەسیحی و بودایی و هیندۆس و بەهائی و جوو و ئاین و بیروباوەڕی ئاینی جیاوازی تێدا دەژی. بەڵام کورد لەسەر چوار دەوڵەت دابەش بووە کە هەموویان ئیسلامی ڕادیکاڵن و بەگومانەوە سەیری خواستەکانی گەلی کورد دەکەن و وڵاتانی بەریتانیا و ئەمەریکاش زیاتر لە جارێک کوردیان لەهەنگاونان بەرەو ئامانجە ڕەواکانی نائومێد کردووە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی من دەزانم ژمارەی قوربانیانی گەلی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەرگیز بەراورد ناکرێت بەژمارەی کەمی قوربانیانی ئێمە لەتەیموری ڕۆژهەڵات بەڵام وەک پێشتر گوتم فاکتەری جیۆسیاسی ڕۆڵی خۆی هەیە لەیەکلاکردنەوەی ئەم جۆرە کێشانە.

سەرۆکی پێشووی تەیموری ڕۆژهەڵات کە پۆستەکانی سەرەک وەزیران و وەزیری دەرەوەشی بینیوە لەدێژەی ئەم دیمانەیەدا باسی وڵاتەکەی خۆی دەکات دوای سەربەخۆیی و دەڵێ: ئێستا تەیموری ڕۆژهەڵات دیموکراسیترین وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە و پەیوەندیەکی زۆرباشمان لەگەڵ ئیندۆنیزیا "ئەو دەوڵەتەی لێی جیابووینەوە" هەیە و بەبێ قیزە هاووڵاتیانمان هاتوچۆی هەردوو وڵات دەکەن و دەکرێت بڵێم سنووردکانی نێوان ئیندۆنیزیا و تەیموری ڕۆژهەڵات ئارامترین سنووری نێوان دوو وڵاتی دراوسێیە لەسەرتاسەری کیشوەری ئاسیا.

جوزیە ڕامۆس هورتا لەدایکبووی ساڵی 1949یە و ساڵی 1996 بەهۆی هەوڵەکانی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبەخشرا بەهاوبەش لەگەڵ کەسایەتی مەسیحی کاسۆلیکی کارلۆس فیلیپ ئەکسیمینس کە لەگەڵ ڕامۆس ئەندازیاری ئاشتی بوون لە وڵاتەکەیاندا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەگەڵ ئیندۆنیزیا.

مەحمود محەمەد:

شاندێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەبارەی پرسی پارێزگاری کەرکووک سەردانی بەغدا دەکەن

هەوڵدەدەین بۆ بەشداریکردن یان بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک هەموو لایەنەکان پێکەوە بڕیار بدەین

لەبارەی کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی و لایەنەکانی دیکەش کۆدەبینەوە

مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا باس لە ڕای فەرمی پارتی دەکات لەبارەی کەرکووک و هەوڵی پارتی بۆ یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان سەبارەت بە کەرکووک.



یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کێشەی هەیە

گوتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە سەردانی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان کرد بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆبوونەوەیان، لەو ڕووەوە گوتی: لەم ماوەیەی ڕابردوودا یاسایەک دەرچوو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە پرپەتی لە کێشە بۆ کەرکووک و موسڵ و ناوچەکانی کە مادەی 140 دەیانگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بابەتە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە خەمخۆری کەرکووکن و دەیانەوێت بە خراپ ڕەنگ نەداتەوە لەسەر کەرکووک و دۆخی کەرکووک لەوە زیاتر کە هەیە خراپتر نەکرێت، پێویستمان بە یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی کە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەین و ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن بکەین، چی بکەین بۆ ئەوەی لەوێ دووچاری کێشە نەبین و خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەو یاسایەی دەرچووە چەند لە بەرژەوەندی پێکهاتەکانی ناو کەرکووکە بۆ ئەوە پێویستمان بە ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکانی و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تردا هەیە، بۆ ئەو مەبەستە و چەند مەبەستێکی تر گفتوگۆمان لەگەڵ لایەنی بزووتنەوەی گۆڕان کرد، لەگەڵ چەند بابەتێکی تر.

مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی، گوتیشی: لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەردوولامان هاوهەڵوێست بووین کە ئەم بابەتە بە گرنگ لەقەڵەمدراوە وە هەردوولاشمان بەپەرۆشین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە تایبەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەموو لایەنەکانی تر ئەم بابەتە تاوتوێ بکەین و بڕیاری لەسەر بدرێت.

پێویستە لە کۆبوونەوەکان باس لە پشک پشکێنە نەکرێت

لەبارەی ئەو پۆستانەی تا ئێستا گۆڕان لە حکوومەت وەرینەگرتوون، بەپێی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ پارتی، مەحمود محەمەد گوتی: ئێمەش پێمان باشە هەر سێ لایەنی پارتی و یەکێتی و گۆڕان کە لایەنی پێکهێنەری حکوومەتن لە ئەجوائی پشک پشکێنەی کە باسمان کردووە پێشتر و ڕێککەوتنمان کردووە لەسەری بچینە دەرو تەواو بکرێت، دوای تەواوکردنی لەبری ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا باس لە پشکەکان بکەین، باشترە باس لە چارەنوسی ئەو بابەتانە بکەین کە پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان و نەتەوایەتی و نیشتمانیمان، وەک کەرکووک یا ئەوەی لە بەغدا چۆن سەیری کورد دەکەن و مەسەلەی پێشمەرگە و کەرکووک و بودجە و جێبەجێکردنی مادەی 140 ئێمەش پەلەی ئەوەمانە ئەو بابەتە تەواو بێت کە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران پێکهاتووە ئەو پشکانەی هی لایەنەکانی ترن ئەوانەش دەدرێت.

لەگەڵ یەکێتیدا هاوهەڵوێستین کە کێشەکان جیابکرێنەوە

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد پێش دوو مانگ لەمەوبەر لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە دوا کۆبوونەوەی هەردوو شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم بابەتی (کەرکووک) باسمان کرد و هەر لەو کاتەدا ئەوەشمان باسکرد کە ئەو گرفتانەی دێنە پێش، لەگەڵ یەکێتیدا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو قسەمان کرد کە کۆبوونەوەیەک ئەنجامبدرێت دیارە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێیان باشبوو کە چەند ڕۆژێک کۆبوونەوەکە دوابخرێت، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هاوهەڵوێستن لەوەی پرسی کەرکووک، پرسی ئەو ناوچانەی کە مادەی 140 دەیانگرێتەوە، جیابکرێتەوە لە هەندێک کێشەی کە لە کوردستان هەن، یان هەندێک جیاوازی تێڕوانین کە هەمانە لە کوردستان جیابکرێتەوە وەک ئەوەی هەیە چارەسەری بۆ دابنرێت و هاوهەڵوێست بین. هەروەها گوتیشی: لەسەر بابەتی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و هەموو لایەنەکانی تر کۆدەبینەوە، هەوڵ دەدەین پێکەوە بیروبۆچوونەکان تاوتوێبکەین و بڕیاری هاوبەش بدەین. هەوڵی ئەوە دەدەین کە هەموو لایەنە کوردییەکان لە کەرکووک هاوهەڵوێست بین ئەگەر بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک-مان کرد پێکەوە بەشدار بین ئەگەریش بەشدار نەبین ئەوا هەر پێکەوە بڕیار بدەین.

پێمانباشە لەبارەی هەڵبژاردنی کەرکووک هاوهەڵوێست بین

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا ئێوە دەتانەوێت هەموو لایەنە کوردییەکان بە یەک لیست لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدا بەشدار بن؟ مەحمود محەمەد دەڵێت: لە ڕاستیدا هەر بڕیارێک دەدەین پێویستە پێکەوە بیدەین بە یەک لیستی بێت یا لیستی جیا جیا بێت و زیان و قازانجی هەریەکەیان ئەمانە ماوەتەوە بۆ ئەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیانەی دەیانکەین لە نێوان حزبەکان بە هەرسێ حزبی پێکهێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانیش، چونکە ئۆپۆزسیۆنیش بەشێک لە بەرپرسیارێتی نەتەوایەتییان دەکەوێتە سەرشان بەرانبەر کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان، چونکە ئەمە بەشێک نییە لەو تیرۆانینەی بەرانبەر حکوومەتی هەرێم هەیانە، بە خەمی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکین، لەم کاتەی کە قسەی تێدا دەکەم، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی هەیە لە یەکێتی زیاترە و لەلایەنەکانی تریش زیاترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە خەمی ئەوەداین کە دەبێت هەرچی زووترە کێشەکان چارەسەر بکرێن ئەگەر هەڵبژاردنیش دەکرێت بەجۆرێک نەبێت کە لە زیانی کورد و خەڵکی ناوچەکانی دەرەوە نەشکێتەوە.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر ڕوونیکردەوە و گوتی ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین هەموو لایەنە کوردییەکان لە کەرکووک هاوهەڵوێست بین، ئەگەر بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکمان کرد پێکەوە بەشدار بین ئەگەریش بەشدار نەبین ئەوا هەر پێکەوە بڕیار بدەین، بەڵام سەرەتای هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە کە هەندێک ماددەی زۆر خراپ خراوەتە ناو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە سەبارەت بە کورد زیانی زۆر دەدا کە هەوڵبدەین لە پەرلەمان هەماوازی ئەو بڕگانە بکرێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەکرا ئێمە پێمان باشە پێکەوە بین بەشداری هەڵبژاردن بکەین یا نا، کە ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن بکەین پێکەوە بیکەین ئەگەر بایکۆتمان کرد پێکەوە بیکەین.

مەحمود محەمەد گوتیشی: ئێمە پشکی پارێزگاری کەرکووکمان نەداوە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو کاندیدە بەڕێزەی کە هەیە کاندیدی لیستی برایەتییە، کە لە هەموو لایەنە سیاسییە کوردییەکانی کەرکووکە و هەندێک لە تورکمان و عەرەبیش، لەبەر ئەوە نەخێر ئەو کاندیدەی ئێستای پۆستی پارێزگاری کەرکووک، کاندیدی یەکێتی نییە، بەڵکو هی لیستی برایەتییە و ئەو لیستە دەتوانێت پارێزگار بۆ پۆستەکەی دیاری بکات.

لێژنەیەکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی سەردانی بەغدا دەکەن

سەبارەت بە کاتی دەسبەکاربونی کاندیدی پارێزگاری کەرکووک لە پۆستەکەیدا، مەحمود محەمەد گوتی: بە بۆچوونی ئێمە دەبێت لایەنەکانی تریش بۆچونیان وەربگیرێت و بۆ ئەو مەبەستە لێژنەیەکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لە چەند ڕۆژی ئایندەدا سەردانی بەغدا دەکەن تا لەوێ نوێنەرانی عەرەب و تورکمان ببینێ تا ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەری هەبێت، چونکە ئێم پارێزگارە هی کورد و عەرەب و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک دەبێت، ئەو بابەتە دراوەتە دەست لێژنەیەکی تایبەت وە ئەو لێژنەیە ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکات.

سوپاسالاری پێشووی عێراق:

ئەو تاکتیکەی کە ئێستا داعش بەکاری دێنێت، زۆر مەترسیدارترە لەوەی پێشووتر

داعش بووەتە مەترسییەکی گەورەو لە هەموو ناوچەکانی عێراق بوونیان هەیە



سوپاسالاری پێشووی عێراق گوتی، داعش بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر عێراق و لە هەموو ناوچەکان بوونیان هەیە. دەشڵێ، هۆکاری سەرهەڵدانەوەی داعش، بۆ تەعداکردنی هێزە عێراقییەکان لە خەڵک دەگەڕێتەوە و ئەوانیش وەکو کاردانەوە دەبنە داعش. بابەکر زێباری، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: مەترسیی داعش لەسەر عێراق بەردەوامە و ئەو تاکتیکەی کە ئێستا داعش بەکاری دێنێت، زۆر مەترسیدارترە لەوەی پێشووتر، چونکە پێشتر داعش دیار بوون و ئێستا نادیارن، لە ئێستاشدا داعشەکان بە زۆڕ کاری ئاسایی خۆیان دەکەن و هاوواڵتیی ئاسایین و بە شەو داعشن، بەڵام پێشتر شێوەیان دیار بوو و ئاشکرا بوون و دەستگیر دەکران، وەڵێ ئێستا بەو شێوەیە نین و هەر شەوی ڕابردوو لە سامەڕا فەرماندەیەکیان کوشتووە و چوار سەربازیشیان بریندار کردووە، هەروەها لە ئەنبار بوونیان هەیە و لە دیالەش چەندین گوند لە ترسی داعش چۆڵ کراون، بۆیە لە زۆربەنەی عێراق بڵاوەیان پێ کراوە و ڕێکخراوێکی زۆر مەترسیدارن.

زێباری گوتیشی، حکوومەتی عێراق بە هەموو توانای خۆی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و ناتوانێ بنبڕیان بکات، چونکە شێوەی کاری داعش گۆڕاوە و تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ نەهێشتنی داعش، ئەویش ئەوەیە هێزە عێراقییەکان ئاشتەوایی لە نێوان خۆیان و خەڵکدا بکەن، چونکە هۆکاری سەرهەڵدانەوەی داعش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هێزە عێراقییەکان تەعدا لە هاوواڵتیان دەکەن، ئەمەش وای کردووە خەڵک وەکو کاردانەوە ببێتە داعش.

سوپاسالاری پێشووی عێراق باسی لەوەش کرد، بۆ ناوچە کوردستانییەکانیش پێویستە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە، چونکە بە بێ بوونی پێشمەرگە ئەو ناوچانە ئارام نابن، بۆیە پێویستە ڕێککەوتنێک لە نێوان هەرێم و بەغدا لەو بارەیەوە بکرێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە داوا دەکەن هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە، ئەگەرنا ناتوانن لەوێ بمێنن و ناوچەکانیان چۆڵ دەکەن.

هۆگر چەتۆ: ڕەوشی کەرکووک و شنگال و خانەقین بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن گونجاو نییە



بڕیارە ڕۆژی 20ی نیسانی ساڵی داهاتوو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت، چاودێرانیش لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان بەگومانن، ئەویش بە هۆی ڕەوشی ئاڵۆزی ئەو ناوچانەوە، شارەزایەکی هەڵبژاردنەکانیش نایشارێتەوە، لە هەندێ ناوچە پرۆسەی هەڵبژاردن بێ کێشە نابێت و دەڵێ، حزبێک بارەگای داگیر کرابێت، چۆن دەتوانێت بە ئاسانی لە هەڵبژاردندا بەشدار بێت.

هۆگر چەتۆ، ڕێکخەری تۆڕی شەمس ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستی بە کەشێکی ئارام هەیە، تا هەموو هێز و قەوارەکان بە ئاسانی بتوانن پرۆپاگەندە بۆ هەڵبژاردن بکەن و بە ئاسانی بگەنە دەنگدەرەکانیان و بچنە سەر سندووقی دەنگدان و بتوانن بە بێ گرفت دەنگی خۆیان بدەن.

چەتۆ دەشڵێت: ئەو ڕێکارانەی باسم کرد، زەحمەت دەبێت بۆ هەندێ هێزی سیاسی، کە بارەگاکانی داگیر کرابێت و نەتوانێت وەک پێویست پرۆپاگندە بکات و چاودێر لەسەر سندووقەکانی دەنگدان دابنێت، بۆ نمونە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی گەورە نەگەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک و ئەمەش بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت.

ئا/ قائید میرۆ



بە هۆی دۆسیەی دیکەوە ناوبراو لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە

دادگای ئەنکەرە بڕیاری بێتاوانی دەمیرتاشی دەرکرد

دوێنێ دووشەممە میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە دادگای سینجانی ئەنکەرە بڕیاری ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاشی ، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان لە دۆسیەی سەرەکی دەرکردووە، بەڵام بە هۆی دۆسیەکانی دیکەوە، ناوبراو لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە.

جێی باسە دەمیرتاش لەوەتەی تشرینی دووەمی 2016ەوە لەسەر چەند دۆسیەیەک زیندانی کراوە، لەوانەش بیانووی هاوکاریکردنی تیرۆر،پێشێلکردنی یاسای خۆپێشاندان و ڕێپێوان، هاندانی خەڵک بۆ ڕق و کینە و سوکایەتیکردن بە ئەردۆغان. بەهۆی ئەم تۆمەتانەشەوە داواکاری گشتیی تورکیا داوای کردبوو سزای 140 ساڵ زیندانی بەسەر دەمیرتاش دا بسەپێندرێ. هەروەها پێشتریش دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ داوای لە تورکیا کردبوو، سەلاحەدین دەمیرتاش ئازاد بکەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان:

بۆردومانەکەی سەر گرتووخانەکەی یەمەن کارەساتە



نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەمەن، مارتن گریفیس رایگەیاند، ئەو بۆردومانەی کە ڕۆژی یەکشەممە کرایە سەر گرتووخانەی حووسییەکان لە شاری زوماری ناوەڕاستی یەمەن، کارەساتە. مارتن گریفیس لە ڕاگەیەندراوێکدا داوایکرد بە شێوەیەکی ورد لێکۆڵینەوە لە بۆردومانکردنی ئەو گرتووخانەیە بکرێت کە 170 کەسی تیادا بەندکرابوون.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەمەن ئامارژەی بەوە کرد کە زیانی مرۆیی لە جەنگی یەمەن تا دێت زیاد دەکات و پێویستە ڕابگیرێت و گوتی: یەمەنییەکان شایستەی داهاتوویەکی باش و ئاشتین.

مارتن گریفیس ڕاشیگەیاند: کارەساتەکەی ڕۆژی یەکشەممە ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە یەمەن لەوە زیاتر ناتوانێت بەرگە بگرێت و تاکە ڕێگاش بۆ کۆتاییهێنان بە کوشتن و نەهامەتییەکان لە یەمەن ئەوەیە کۆتایی بە شەڕ و پێکدادانەکان لەو وڵاتەدا بهێندرێت. نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لەوەیش کرد کە ئومێد دەکات هاوپەیمانییەتی عەرەبی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی بۆردومانەکە ئەنجام بدات.لای خۆیەوە ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە یەمەن، لیز گراندی ئامارژەی بەوە کرد کە بۆردومانەکەی سەر گرتووخانەی حووسییەکان لە شاری زوماری نامرۆڤانە بوو، لەبەر ئەوەی قوربانییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە.

یوسف حازری ڕایگەیاندبوو کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاکامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی پێشتر گوتەبێژی بەناو وەزارەتی تەندروستی لە حکوومەتی حووسییەکان، عەرەبی بەڕابەرایەتی سعوودیە بۆسەر گرتووخانەیەکی حووسییەکان لە ناوەڕاستی یەمەن کوژران بۆ 60 کەس بەرزبووەتەوە و ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە 100 کەس.

داعش بەرپرسێکی حەشدی شەعبیی کوشت و 4ی دیکەشی بریندارکرد



سەرچاوە هەواڵیەکانی عێراقی بڵاویان کردەوە کە دەرنگانی شەوی یەکشەممە ژمارەیەک لە چەکدارانی داعش لەپارێزگای سامەرا هێرشیان کردە سەر خاڵێکی گروپی سەرایا سەلامی حەشدی شەعبی کە ئەو گروپە سەر بە ڕەوتی موقتەدا سەدرە. سەرچاوە هەواڵیە عێراقیەکان دەشڵێن ڕووبەڕووبونەوەیەکی بەهێز لەنێوان چەکدارانی داعش و گروپی سەرایا سەلام ڕوویداوە، کەبەهۆیەوە سەرکردەیەکی سەربازی سەرایا سەلام لەشەرەکەدا کوژراوە و 4ی دیکەش بریندارببوون.

لەڕاگەیاندراوێکیشدا گروپی سەرایا سەلامی سەر بەڕەوتی سەدر بڵاوی کردەوە کەبەهۆی هێرشەکەی داعش بۆ سەر خاڵێکی گروپەکەمان لە سامەرا سەرکردەیەکمان کوژرا بەناو جەمال ئیبراهیم دلێمی.

ڕێژەی بێکاری لە سەرانسەری عێراق 38٪ی تێپەڕاندووە



بەپێی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕێژەی بێکاری لەسەرتاسەری پارێزگاکانی عێراق 38%ی تێپەڕاندووە. نەدا شوکری ئەندامی لێژنەکە لە میانی لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، کە ڕێژەی بێکاری و بێکاران لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق 38%ی تێپەڕاندووە، هەروەها ژمارەی ئەو دەرچووانەی زانکۆ و پەیمانگاکان، کە دانەمەزراون و بێکارن لەئێستادا پێنج ملیۆن دەرچوو زیاترە.

بەپێی ئاژانسی هەواڵی ZNA ئەو ئەندامەی لێژنەی داراییو وەبەرهێنان لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئامارژەی بۆ ئەوە کردووە، کە گەیشتنی ڕێژەی بێکاری بۆ زیاتر لە38% ئامارژەیەکی ترسناکە و سەردەکێشێ بۆ فراوانبوونی دۆسیەی مادەی هۆشبەرەکان و تاوانی ڕێکخراو. هەروەها ڕوونیشیکردووەتەوە، زیادبوونی ڕێژەکە بۆ کارانەکردنی وەبەرهێنانو پیشەسازییە ناوخۆییەکان لەلایەن حکومەتەوە دەگەڕێتەوە.

جێی باسە پێشتر لێژنەی دەستپاکی ئەنجوومەنی نوێنەران جەختیکردبووەوە، تێکڕای ئەو پرۆژانەی لە بودجەی ساڵی 2019دا هاتبوون، ئەگەر وەک خۆی جێبەجێکریان کردبوایە ، ئەوە بەس بوون بۆ ئەوەی بێکاری پێبهێنێت، ئەویش لەڕێگای بەگەڕخستنی هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، باسی لەوەش کردووە، خراپ ئیدارەدان و گەندەڵی بەربڵاو هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو پرۆژانە بوون.

سەرکردەیەکی باڵای ڕەوتی سەدر:

ئیسرائیل مەزارێکی پیرۆزی شیعەکان دەکاتە ئامانج



سەرکردەیەکی باڵای ڕەوتی سەدر ئاشکرای دەکات، کە ئیسرائیل مەزارێکی پیرۆزی شیعەکان دەکاتە ئامانج. حاکم زاملی، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق و سەرکردە لە ڕەوتی سەدر، بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل دوای حەشدی شەعبی، سوپا و دژەتیرۆری عێراق بۆردومان دەکەن.

حاکم زاملی ئامارژەی بەوەش کردووە، کە زانیاریی ئەوەیان پێ گەیشتووە، کە باس لەوە دەکەن، ئیسرائیل یەکێک لە مەزارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق، بە موشەک دەکاتە ئامانج.

لە ناوەڕاستی مانگی 8ی 2019 چەندین جار بنکە و بارەگاکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەناوچە جیاوازەکانی عێراق کراونەتە ئامانج و ئیسرائیلیش ناڕاستەوخۆ دانی بە ئەنجامدانی هێرشەکان ، ناوە.

دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق، زیاتر لە 60 میلیشیای تائیفی لەژێر ناوی حەشدی شەعبی و بە فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دروست کران.

لە مانگی 6ی 2014نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

لە نۆ مانگی ئەمساڵ ڕووسیا بایی 8 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار چەک و تەقەمەنیی فرۆشتووە

ZNA:سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووسیا کۆی گشتیی فرۆشی چەک و تەقەمەنی لەم وڵاتە لە سەرەتای 2019ەوە ئاشکرادەکەن. سەرچاوەکان ئاماژەیان بەمە کردووە، بەهای هەناردەکانی چەک و تەقەمەنی لە سەرتای ئەمساڵەوە گەیشتووەتە 8 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار و مۆسکۆ چاوەڕێیە کە گرێبەستی سەربازیی نوێ بەستێت کە بە ملیارەها دۆلار دەخەملێندرێت . بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای ڕۆسبۆرۆن ئیکسپۆرتی ڕووسی تایبەت بە هەناردەی چەک و تەقەمەنی لە ڕووسیا ڕایگەیاندووە، نیوەی هەناردەکان هەردوو کەرتەکانی فرۆکەوانی و بەرگریی ئاسمانی ئەنجامی دەدەن .ئامارژەی بەوەش کردووە کە ئەو کەرتە لەلایەن کۆپاری دەرەکییەوە گرنگییەکی یەکجار زۆری بەدەستهێناوە.

عێراق.. داعش پەلاماری کەمپێکی ئاوارەکان دەدات

ئەفسەر لە پۆلیسی سەلاحەددین، ملازم نوعمان جبوری ڕایگەیاند کە ژمارەیەک تیرۆریستی داعش پەلاماری کەمپێکی ئاوارەکانیان داوە لە سنووری پارێزگاکە. نوعمان جبوری لە لێدوانێکدا ئاشکرایکرد کە بەیانی دوێنێ یەکشەممە، ژمارەیەک تیرۆریستی داعش بە بۆمب پەلاماری کەمپی ئاوارەکانیان داوە لە قەزای شەرگات باکووری پارێزگای سەلاحەددین و بە هۆیەوە ژمارەیەک ئاوارە بریندارببوون. ملازم نوعمان جبوری ئاماژەی بەوەشکرد کە، ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە کەمپی شەرگات نیشتەجێن، پێشتر لە مووسڵەوە گواستراونەتەوە بۆ کەمپەکە. هەرچەندە حکومەتی عێراق لە کانوونی یەکەمی 2017دا، سەرکەوتنی بەسەر داعشدا ڕاگەیاند، بەڵام ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەم دواییانە پەلامارەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بۆسەر هێزە ئەمنییەکان زیادیکردووە بەتایبەتیش لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک.

وەقفی سوننی: بە ئامانجی دادگاییکردنی کەنالّی ئەلحورە رێوشوێنی یاسایی دەگرینەبەر

کەنالّەکە راپۆرتێکی لەژێر ناوی "جەوهەری گەندەلّی پیرۆز لە عێراق" بلاّوکردبووەوە



ئامانجی لێی شێواندنی مێژوو و شارستانییەتیی عێراقە.

لە کۆتایی راگەیەندراوەکەشدا هاتووە: لەو باوەڕەداین ئەو راپۆرتەی کە لەو کەنالّە بلاّوکراوەتەوە لە درۆ و شێواندنی راستییەکان، بەشێکە لە پرۆژەیەکی ئەمەریکی ئیسرائیلی کە ئامانجی لێی سووکایەتییکردنە بە دامەزراوەکانی ئایینی لە عێراق، بۆیە دیوانی وەقفی سوننی رێوشوێنی یاسایی دەگرێتە بە ئامانجی دادگاییکردنی کەنالّی ئەلحورە.

دیوانی وەقفی سوننی ئەو رێوشوێنەی ئاشکرانەکردووە کە بە ئامانجی دادگاییکردنی کەنالّی ئەلحورە دەیگرێتەبەر.

جێی باسە رۆژی یەکشەمە بالّیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا رایگەیاندبوو، حکوومەتی عێراق مافی وەلاّمدانەوە و لێپرسینەوەی لەگەلّ کەنالّی ئەلحورە کە لە لایەن ئەمەریکاوە پالّپشتی دەکرێت هەیە لە بارەی هەر راپۆرتێک، ئەگەر پێیوابێت زانیاری ناڕاست و ناپیشەییانە لەخۆدەگرێت یان پێچەوانەی سیاسەتی ئەمەریکا بێت.

لە بەردەوامی کاردانەوەکاندا، دیوانی وەقفی سوننی راگەیەندراوێکی بلاّوکردەوە و تیایدا نیگەرانی خۆی نیشاندداوە سەبارەت بەو راپۆرتەی کە لە لایەن کەنالّی ئەلحورەوە بلاّوکراوەتەوە.

دیوانی وەقفی سوننی رایگەیاندووە: لەو راپۆرتەی کە کەنالّی ئەلحورە بلاّویکردووەتەوە، بە مەبەست سووکایەتی تیایدا کراوە و راستییەکانیش شوێندراون، بەدەر لەوەش سیناریۆیەکی سیاسی قێزەون بۆ بە ئامانجکردن و ناشرینکردنی دامەزراوە ئایینییەکان لە عێراق لە پشت بلاّوکردنەوەی راپۆرتەکەدا هەیە، هەورەها وشەی ناشیاو بەرامبەر بە دامەزراوە ئایینییەکان بەکارهێندراوە.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە "تەواوی زانیارییەکانی نێو راپۆرتەکە، هیچ بنەمایەکی راستی تیایدا نییە و سەرلەبەری ئەو زانیارییانە ڕەت دەکەینەوە کە سەبارەت بە لایەنی کارگێڕی لە دامەزراوەی وەقفی سوننی بلاّوکراوەتەوە".

دیوانی وەقفی سوننی هەروەها داوای لە کەنالّی ئەلحورە کردووە کە بەڕاستی سەربەخۆ بێت گوتی: باش دەزانین ئەو پارە زۆرەی کە بۆ کەنالّی ئەلحورە تەرخانکراوە لە خۆڕا و لەبەر عێراق نییە، بەڵکو بۆ پرۆژەیەکی ئەمەریکییە کە بەشی نەخستەڕوو و ئامانجی بەوەدا، بەپێی داتا فەرمییەکان لەسەرتاسەری ئێراندا زیاتر لە 150 هەزار مەداح هەیە. جێی باسە ئەو کەسانەی کە بەسەرهاتی ژیانی ئال و بەیت و حەزرەتی حوسەین و12 ئیمامەکە بەسروود دەڵێنەوە (مەداح) یان پێ دەگوترێت. سالآنە بەبۆنەی یادی عاشوراوە کە سالّوەگەڕی شەهیدکردنی حەزرەتی حوسەین و 72 هاوڕێیەتی لە کەربەلا، لەسەرتاسەری ئێراندا دەکرێتە ماتەم.

سکای نیوز: بەریتانیا بیر لە ناردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ کەنداو دەکاتەوە



کەنالّی سکای نیوز ئاماژەی بەوە داوە کە بەریتانیا بیر لە ناردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکاتەوە بۆ کەنداو، ئەمەش لە کاتێکدایە کە گرژییەکانی نێوان بەریتانیا و ئێران لەهەڵکشاندایە، بەتایبەتیش دوای دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێرانی لە لایەن هێزە دەریاییەکانی و بەریتانیاو دواتریش دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوتهەڵگری بەریتانی لەلایەن هێزە دەریاییەکانی ئێرانەوە، هەروەها توندبوونی گرژییەکان لە گەرووی هورمز لەنێوان ئێران و ئەمەریکاو هێزە ئیقلیمییەکاندا. بەپێی هەواڵێکی دەنگی ئەمەریکاشەوە کە لە کەنالّی سکای نیوزەوە وەریگرتووە، هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا ژمارەیەک فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی لە کوەیت هەیە بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەرک لە ئاسمانی عێراق و سووریادا. کەنالّەکە ڕاشیگەیاندووە: دەکرێت ئەم فڕۆکانە ئەرکی دیکەیان پێبدرێت ئەگەر بڕیار بدرێت فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە کەنداو بلاّوبکرێتەوە. کەنالّی سکای نیوز لە هەواڵەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان یارمەتیدەر دەبن لە ئەرکەکانی دیدەوانیدا لەگەڵ بەردەوامبوونی کەشتیە جەنگییەکانی بەریتانیا لە هاوەڵیکردنی ئەو کەشتیە بارهەڵگرانەی کە ئالاّی بەڕیتانیایان هەڵکردووە لە تەنگەی هورموز. جێی باسە ڕۆژی هەینی بەریتانیا داوای کرد بەڕەرچی ئەو هەڕەشانە بدرێتەوە کە ڕووبەڕووی کەشتیە بارهەڵگرەکانی کەنداو بوونەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە مانگی حەوتدا ئێران دەستی گرت بەسەر کەشتیەکی بەریتانیدا.

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل:

لوبنان بەهۆی حیزبوڵلاوە باجی قورس دەدات



وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، یسرائیل کاتز ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر حیزبوڵلاّ دووبارە هێرش بکاتەوە سەر ئیسرائیل ئەوا لوبنان "باجێکی قورس دەدات. بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلەوە بلاّوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە یسرائیل و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هیکۆ ماس پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامداوە و، پێشهاتەکانی ناوچەکەیان تاوتوێ کردووە. لەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەدا کاتز باسی لەوە کردووە کە ئیسرائیل نیازێکی نییە بۆ هەڵکشانی گرژیی ناوچەکە، بەڵام ئەگەر هێرشی بکرێتە سەر ئامادەیە وەڵامی پێویست بداتەوە.

کاتز باسی لەوە کردووە کە ئەگەر حزبوڵلاّ دووبارە هێرش بکاتەوە سەر ئیسرائیل ئەوا حکوومەتی لوبنان بەرپرسیار دەکەن و، گوتی: ئەگەر حزبوڵلاّ نەوەستێنن و ڕێگەی پێ بدەن لە خاکی لوبنانەوە هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل ئەوا دەوڵەتی لوبنان باجی قورس دەدات.

کاتز داوای لە هاوتا ئەڵمانیەکەی کرد پەیامی ئیسرائیل بگەیەنێت بە لوبنان و، داوای کرد ئەڵمانیا سزا بەسەر حزبوڵلاّدا بسەپێنێت. لای خۆیەوە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ماس، نیگەرانی دەربڕی لە هەڵکشانی گرژیی لە ناوچەکە و، ئومێدی خواست ڕووداوەکان زیاتر ڕوو لە هەڵکشان نەکەن. جێی باسە ڕۆژی یەکشەمە لە خاکی لوبنانەوە زنجیرەکەی مووشەک ئاڕاستەی ئیسرائیل کران، لە بەرامبەردا سوپای ئیسرائیل چەند ئامانجێکی لە باشووری لوبنان بۆردومان کرد.

ئێران... دەستبەسەرکردنی ژمارەیەک مەداح بەتۆمەتی ئەوەی لەلایەن ئیسرائیلەوە پەروەردە کرابن

لە سەرتاسەری ئێراندا زیاتر لە 150 هەزار مەداح هەیە



سەرۆکی مەداحەکانی ئێران یوسف ئەرجوونی ڕایگەیاند، هەندێک لە مەداحەکان کە بانگەشە دەکرێت لە ئیسرائیل پەروەردە کرابن بۆ تێکدانی ڕێورەسمەکانی عاشوورا، دەستبەسەرکراون.

لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی IRNAی ئێرانی ئەرجونی ڕایگەیاند، هەندێک لەو مەداحانەی بانگەشە دەکرێت بۆ تێکدانی ڕێورەسمەکانی عەشوورا لەلایەن ئیسرائیلەوە پەروەردەکرابن، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەرکراون.یوسف ئەرجوونی وردەکارییەکانی لەبارەی ژمارەی مەداحە دەستبەسەرکراوەکانەوە نیشانەدا کە ئەو کەسانە لە ڕاگەیاندنی ئیسرائیلدا بە مەداح ناسێنراون.

ئەمەریکا: نزیکبوونەتەوە لە واژووکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ تاڵیبان



نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد لە کۆتایی نۆهەمین گەڕی دانوستانەکانی ئاشتی نێوان وڵاتەکەی و بزووتنەوەی تاڵیبانیدا کە لە شاری دۆحە پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو ڕاگەیاند کە هەردوولا ڕووداوەکان زیاتر ڕوو لە هەڵکشان نەکەن. جێی باسە ڕۆژی یەکشەمە لە خاکی لوبنانەوە زنجیرەکەی مووشەک ئاڕاستەی ئیسرائیل کران، لە بەرامبەردا سوپای ئیسرائیل چەند ئامانجێکی لە باشووری لوبنان بۆردومان کرد.

باشووری یەمەن داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەکات



ڕووداو: بە کۆنترۆڵکردنی عەدەنی پایتەختی میژوویی، یەمەنی باشوور لەلایەن هێزە جیاخوازەکانی باشووری ئەو وڵاتە و بە پاڵپشتی ئیمارات ئەگەری دابەشبوونی یەمەن بۆ دوو وڵاتی جیاواز زیاتر بووە.

دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حوسییەکان لە باکووری یەمەن لەبارەی جیابوونەوەی باشوور بۆچوونی جیاوازیان هەیە، حوسییەکان پاڵپشتی لە جیابوونەوەکە دەکەن، بەڵام بەشێک لە دانیشتووانی ئاسایی پێیانوایە جیابوونەوەی باشووری یەمەن بەبێ گشتپرسیی دەستووری کاریکی قورسە.

وەک چاودێران باسی دەکەن، ئەم ڕووداوانە لە بەرژەوەندی حوسییەکاندان و ئەوانیش لەوبارەوە هەڵوێستی تایبەتی خۆیان هەیە.

حەزام ئەسەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حوسییەکان دەڵێت: ئێمە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیدارنین، ئەمانە ناوچەی داگیرکراون، دەکەونە چوارچێوەی سنووری ڕزگارکردن، ڕۆڵەکانی گەل لە سوپا و لیژنە میللییەکان ڕزگاریان دەکەن، هەر ڕێڕەوێک لە سەردەمی داگیرکردن و جەنگ دانرابێت ئەوا بۆ ئێمە هیچ بوونێکی نییە.

ئەم پێشهاتە شەقامی یەمەنی لە پارێزگاکانی باکوور بۆ دووبەرە دابەشکردووە، لە نێوان پشتوانیکردن لە جیابوونەوە بە مەرجی دەستووریبوون و بەشەکەی دیکەش بەهەموو شێوەیەک جیابوونەوە ردەدەکەنەوە. محەمەد ئەلسەعدی، هاوولاتی یەمەن پێیوایە، ئەستمە جیابوونەوە ڕووبدات، چونکە یەک گەلن. دەشڵێت: کەمن ئەوانەی دەیانەوێت یەکێتیی وڵات تێکبدەن.جێی باسە دوای 30 سالّ لە یەکێتیی باشوور و باکوور و هەڵشکان و داکشانی دۆخەکە، جارێکی دیکە جیابوونەوە کەوتووەتە ڕۆژەڤەوە وەک سیناریۆیەک کە هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان دەیکێشن وەک چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەو وڵاتە.

کیسەی نایلۆن لە سەمونخانەکان قەدەغە کرا

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان یەکە کارگێڕییەکانی ڕاسپاردووە تا ڕێکاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ قەدەغەکردنی نایلۆن. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە فەرمانێک بڕیاری داوە کە کیسی نایلۆن بۆ ماددە خۆراکە گەرمەکانی وەک نان و سەموون قەدەغە بکات و هاتووە کە پێویستە یەکە کارگێڕییەکان ڕێکاری پێویست ئەنجام بدەن.

گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان هەندرێن شێخ ڕاغب گوتی: بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و ژینگە، ئەم پرۆژەیەمان نارد بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خۆشبەختانە دوێنی دووشەممە ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی ئێمەی داوەتەوە و سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی ڕاسپاردووە تا ڕێکاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ قەدەغەکردنی نایلۆن.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە نووسراوی ژمارە61 لە 4ی تەموزی2019 داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو کیسی نایلۆن بۆ ماددە خۆراکە گەرمەکانی وەک نان و سەموون بەکار نەهێنرێت.

هەندرێن شێخ ڕاغب لەم بارەیەوە گوتیشی: لە ئەمڕۆوە کاری بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکەین و چەند قۆناغێکمان بۆ جێبەجێکردنی داناوە کە ماوەی پێنج ساڵی پێویستە تا بە تەواوی قەدەغە بکرێت، چونکە ئێستا ڕەنگە کارگەکان مەوادێکی زۆریان هەبێت و نامانەوێت زیانیان پێ بگات.

لەبارەی زیانە ژینگەیی و تەندروستییەکانیش هەندرێن شێخ ڕاغب گوتی: ئەو کیسە نایلۆنە ڕەنگە سەد ساڵی پێویست بێت بۆ تواندنەوە لە خاک، بەپێی ڕاپۆرتە پزیشکییەکانیش ئەم نایلۆنە زۆر مەترسیدارە و کاغەزەکە تەندروستترە و ژینگەش پیس ناکات.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر دوای سەردانیکردنی بۆ تەندروستی دەشتی هەولێر بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی پێدان



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

دوێنێ بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشە و گرفتەکانی تەندروستی دەشتی هەولێر، دکتۆر چەتۆ محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەوەکالەت بەیاوەری محەمەد حەسەن مرۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و فەیزوڵا محەمەد بەڕێوەبەری کارگێڕی تەندروستی هەولێر سەردانی تەندروستی دەشتی هەولێری کرد و لەلایەن دکتۆر ئەحمەد قادر پالانی بەڕێوەبەری تەندروستی دەشتی هەولێر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری کارگێڕی تەندروستی دەشتی هەولێر پێشوازیان لێکرا و لە کۆبوونەوەیەکدا لە نزیکەوە گوێیان لە داواکاری و کەموکوڕی بنکە تەندروستییەکان و کەمی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و کەمی ئامێرەکانی سۆنار و ددان بوو بەڵێنی چارەسەرکردن دا و دواتر سەردانی بنکەی ڕاژان و هۆبەی لەدایکبوونی کرد و یەکەیەکەی ئەو هۆبانەی بەسەرکردەوەو دەست خۆشی لە ستافی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ئەو هۆبەیە کرد کە ماوەیەکە ئەو هۆبەیە لەپێناو خزمەتکردنی دانیشتووانی قەزای دەشتی هەولێر دەرگای لەسەر پشتە و ماوەی 24 کاتژمێر بە ڕووی دایکانی دووگیان کراوەیە و پاشان بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و شاندی یاوەری سەردانی بنکەی تەندروستی قەڵاتی نوێ کرد و یەکەیەکەی ژوور و بەشەکانی ئەو بنکە تەندروستیەی بەسەرکردەوە و لەوێ ئاشنای کێشەو گرفتەکان بوو.

دەربەندیخان.. مزگەوتێک ئاگری گرت

بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی دەربەندیخان، کەوتنەوەی ئاگرێکی بەهۆی شۆرتی کارەباوە لەبەشی ژنانی مزگەوتێکی شاری دەربەندیخان ڕاگەیاند.

ڕائید کەیوان ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی دەربەندیخان، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: سەرلەبەیانیی دووشەمە 2/ 9/2019 لە گەڕەکی شەهیدانی شاری دەربەندیخان، بەهۆی شۆرتی کارەباوە ئاگرێک لەبەشی ژنانی مزگەوتی ئیخلاس کەوتەوە.

گوتیشی: بەهۆی ئاگرەکەوە دەرگا و پەنجەرە و فەرشی مزگەوتەکە سووتاوە و دیوارەکانی ڕەش بووەتەوە و کتێب و قورئانەکانی نێو مزگەوتەکەش سووتاون.

بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی دەربەندیخان ئاماژەی بەوەش دا: زیانەکانی ئاگرەکە بەنزیکەی 15 تا20 ملیۆن دینار دەخەملێندرێ.

بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەک هاوواڵتی شارۆچکەی مەلا ئۆمەر و پیرزینی بەسەرکردەوە



بەمەبەستی ئاگاداربوون لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاواڕە هەولێری کارگێڕی لق و مامۆستا سەروان بەرپرسی لێژنە ناوچەی تارین سەردانی هەر یەکە لە حاجی کوردۆ خۆرانی و حاجی فەیزە محەمەد و حاجی محەمەد سەعید و خانەوادەی شەهید خالد هەمزە و مام فەیسەڵ سوارو حاجی یوسف زرار بالیسانی لەشارۆچکەی پیرزین و سەفین محەمەد ئاغا هەرکی و حاجی حەکیم و مام کاکەمین ڕۆستایی و خانەوادەی کۆچکردوو شێخ بەهرەمی شێمەی هارون و حاجی عەبدولباقی لە شارۆچکەی مەلا ئۆمەر کرد.

لەمیانی سەردانەکانیدا بڵند ئیسماعیل وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتمانیانە بەوردی لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانی خەڵکی سنوورەکەی کۆڵیەوە و لەلایەکی دیکەوە ئەو هاونیشتمانیانە وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی زۆربان بۆ سەردانیکردنیان و لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەژیان و گوزەرانیان چەندین داواکاری و پێشنیاریان خستەڕوو کە بەئەنجامدانیان خەڵکی سنوورەکە بەگشتی سوودمەند دەبن.

ژبەر شەرێ هێزێن تورکی و چەکدارێن PKK زیانێن مەزن گەهشتینە بەرهەمێن چاندنێ ییێن گوندێن سنوری ل زاخو



خەبات ـ زاخو:

خەلکێ گوندێن سنورێن ل دەڤەرا زاخو توشی زیانێن مەزن بوینە ژ ئەگەرێ پێکدادانێن دناڤبەرا هێزێن تورکی و چەکدارێن pkkێ دا ژبەرکو پرانیا وان جهێن خوە چولکرینە و هەروەسا ئاستەنگێن مەزن ل هەبەر وان هەنە کو بەرهەمێن خوە ییێن چاندنێ ڤەگوهێزین بازاران. ئەمیر شەرانشی هاولاتیەکی خەلکێ گوندێ شەرانشێ یە ل دەڤەرا زاخو ئەو وەسا دەتە زانین کو بەرهەمێن فیقی ل گوندێ وی ودور وبەرێن وێ توشی زیانێن مەزن بوینە ژبەرکو ئەو نەشێن بەرهەمێ خوە ڤە گوهێزن ڤەگوهێزن بازاران ژ ترسا هێرشێن فروکە و توپخانەییێن تورکی کو ببەردەوامی دەڤەرێن وان توپباران دکەت ژئەنجامێ هەبونا چەکدارێن pkkێ ل وان دەڤەران.

ئەمیر دبێژیت: نها وەرزێ چنینا بەرهەمێ فیقی یە، وئەم هەمی وەرزێ سالێ چاڤەریی ڤی وەرزی دکەن ژبو کو بەرهەمێن خوە بچنن لێ ئەم نها نەشێن چ کار دناڤ زەڤییێن خودا بکەن و بەرهەمێن مە توشی زیانێن مەزن بوینە، و ئەگەر ڕەوشا مە بڤی ئاوای بەردەوام بیت ڕەنگە خەلکێ ڤان دەڤەران توشی ئاریشە ییێن مەزن بن.

ئەمیر هەر چەند ڕوژان ڤەدگەریتە سەر گوندێ خوە شەرانشژ بو دیتنا ڕەزوباغێن خوە دا پشتی کو ئەڤە ماوەیێ پێنج مەها یە گوندێ خوە چولکرین ژ ئەگەرێ هێرشێن فروکێن تورکی،سەرەڕای هەبونا مەترسییێ ل سەر ژیانا وی لی ئەو ناخوازیت جهێ خوە ب یەکجاری چول بکەت،ل گور گوتنێن وی گوندێ وی هەمی تشتە دژیانا وی دا لەورا ئەو دەست بەرداری جهێ خوە نابیت.

ئەمیر وەسا دەتە زانین کو ئەو ناخوازن گوندێن وان ببیتە گورەپانا شەری دناڤبەرا هێزێن تورکیا وچەکدارێن pkkێ دا، بەلکو پاش چەندین سالێن وێرانکرنا گوندێن دەڤەرێ ل سەر دەستێ رژێما بەعس ئەوان ئومێدێن مەزن هەبون کو جارەکا دی جهێن خوە ئاڤەدان بکەن وژیانەکا ئارام ببینە سەر لێ نها ئەو دترسن کو جارەکا دی ڤەگەرنە سەر جهـ و وارێن خوە. ژهەژی ئامارێپێکرنێ یە ل دەستپێکا مەها نیسانێ ل ئەڤ سالە گوندێ شەرانشێ کو گوندەکێ کریستیانایە ل نێزیک سنورێ تورکیا ل دەڤەرا زاخو ژترسا هێرشێن فروکێن تورکی هاتیە چولکرن. ل گور ژێدەرێن جهێن بەرپرسیار ییێن حوکمەتا هەرێما کوردستانێ ب سەدان گوندێن دەڤەرێن سنووری ل پارێزگەهادهوک ل چەند پارێزگەهاکێ دی ل هاتینە چولکرن ژئەنجامێ شەرێ دناڤبەرا هێزێن تورکی وچەکدارێن pkkدا.

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:
پەیوەندییە زانستییەکانمان لەگەڵ بەغدا بەهێز دەکەین



د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕۆژی دوشەمە ڕێکەوتی 2/9/2019 پێشوازیکرد لە د. بەشیر حەداد جێگری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە وتەیەکدا پیرۆزبایی لە وەزیری خوێندنی باڵا کرد و، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هاوکات د. بەشیر حەداد پالپشتی و پشتگیری بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاگەیاندو گوتی: بۆ چارەسەرکردنی پرسە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم و عێراق هاوکارتان دەبین، بەتایبەت ئالۆگۆڕی زانستی و ئەکادیمی و سکۆلەرشیپ و کێشەی زانکۆکان و باوەڕپێکردنیان، بۆ ئەمەش گوتی: دەمانەوێت لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتەکەمان دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین لە بواری خوێندنی باڵا هەنگاوی ستراتیژی و گرنگ لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەری کێشەکان و هەماهەنگی نوێ لەسەر بنەمای ڕێنماییەک لە وەزارەتی دارایی عێراق، ڕاگەیاند: بونی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بۆ وەزارەتەکەمان دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین لە بواری خوێندنی باڵا هەنگاوی ستراتیژی و گرنگ لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەری کێشەکان و هەماهەنگی نوێ لەسەر بنەمای شەراکەتی هاوبەش و پەرەپێدانی کەرتی خوێندنی بالای کوردستان بنێین.

د. ئارام محمد ڕاشیگەیاند: عێراقێکی بەهێز سەرچاوە لە کوردستانێکی بەهێزەوە وەردەگرێت، بۆیە لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەت و ستراتیژمان ئەوەیە، لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەماهەنگی و هاوکاریان بەهێز بکەین و لە چوارچێوەی دەستەبەرکردن و پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان پەیوەندییەکانمان لەسەر بنەمای دەستور دابڕێژینەوە، لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە بواری خوێندنی باڵا وەزیری خوێندنی باڵا دوپاتیکردەوە: سیاسەت و بەرنامەمان پەرەپێدان و دروستکردنی هەماهەنگی تازەیە بۆ پەیوەندییە زانستی و ئەکادیمیەکانمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالای عێراقی، بۆ ئەمەش بە پشتیوانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا کار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز و ئەکتیڤ دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بابەتە هەڵپەسێردراوانەی لەنێوانمادایە چارەسەریان بکەین.

مامۆستایانی گرێبەست لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران گردبوونەوە



پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2ی 9ی 2019 ژمارەیەک نوێنەری مامۆستای گرێبەست لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گردبوونەوە و داوایان کرد بە شێوەی هەمیشەیی دابمەزرێنرێن و یاداشتێکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە. خۆپیشاندانەکەیان لەسەر جادەی 60 مەتریی شاری هەولێر و لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و لە یاداشتێکدا داوا دەکەن مامۆستایانی گرێبەست بکرێنە هەمیشەیی و دابمەزرێن و یاداشتێکیشیان نووسیوە و داویانە بە ئەنجوومەنی وەزیران.

لە سەرجەم شار و شارۆچکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 6هەزار مامۆستای گرێبەست هەن و لە بەشێک لە شار و شارۆچکەکان گردبوونەوەیان ئەنجام داوە و داوا دەکەن بکرێنە هەمیشەیی. لەمبارەوە عەبدولواحید محەمەد، سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ڕایگەیاند: پالپشتیی داواکاریی مامۆستایانی گرێبەست دەکەین و بە مافی خۆیان دەزانین کە دابمەزرێن، هەیە کە جەخت لەسەر خاڵێک دەکاتەوە، هەر کەسێک ماوەی سێ ساڵ خزمەتی شایستەی تەواو کرد و لایەنی بەرپرس لێی ڕازی بێت، ئەوا دەکرێتە فەرمی و کێشەکانی هەرێمیش تەواو بووە، بۆیە پێویستە دابمەزرێن.

سلێمانی.. ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ژەهراویبوونی ژمارەیەک کارمەندی تەندروستی

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، یاد نەقشبەندی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند کە هۆکاری ژەهراویبوونی کارمەندەکان بەهۆی نەشیاوی شوێنی ئامادەکردنی خواردنی ئەو کارمەندانەوە بووە. یاد نەقشبەندی گوتی: دوای ڕووداوەکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سێ لیژنەی لێکۆڵینەوەی نارەد ئەو خۆشخانەیە بۆ بەدواداچوون، پاش لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت ئەو شوێنەی کە خواردنەکەیان بۆ هاتووە و لە دەرەوەی نەخۆشخانە بووە لە ڕووی تەندروستییەوە گونجاو نییە، هەروەها شێوازی گواستنەوەی شێوازی خواردنەکە و شوێنی دابەشکردنی خواردنەکەش گونجاو نەبووە، بەو هۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی بڕیاری سزادانی کۆمپانیاکەیدا بەپێی یەک ملیۆن دینار، لەگەڵ گۆڕینی شوێنی خواردنەکە. ناوبراو گوتیشی: بەهۆی ژەهراویبوونی کارمەندەکانەوە هەشت کەس ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون و، سیانیان دوای چارەسەر ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە و، پێنجیان لەژێر چارەسەرکردندا ماونەتەوە و باری تەندروستییان جێگیرە. گوتەبێژی تەندروستی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد کە، چاودێری و بەدواداچوونی تیمەکانیان بۆ شوێنەکانی ئامادەکردنی خواردن تووندتر دەکرێنەوە.



قوتابیانی بەشی راگەیاندن ... لەبارەی دۆزینەوەی هەلی کار قسەی جیاوازیان هەیە



ڕاپۆرت: پەریها عومەر

قوتابیانی بەشی راگەیاندن، باس لە قۆناغی دوای تەواوکردنی خوێندن دەکەن، ئەمەش لە وەڵامی بەدواداچوونەکەماندا بەرچاو دەکەون، هەموو ئەو بیروبۆچوونانە لە ڕاپۆرتێکدا دەبینن، کە لە بنەڕەتدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، ئاخۆ قوتابیانی بەشی راگەیاندن، ئەگەر دوای تەواوکردنی خوێندنیان، لە هیچ دەزگایەکی راگەیاندن جێگەیان نەبووەوە چی دەکەن، ئایا هەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ لە بواری خۆیاندا کە راگەیاندنە، کار بکەن و لە دەزگایەکی راگەیاندن دابمەزرێن، یان جێگرەوەیان هەیە و بە ئومێدەوە دوورتر دەڕوانن، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، ڕای چەند قوتابییەکی بەشی راگەیاندنی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینمان وەرگرتووە:



خەونی دامەزراندنی دەزگایەک

"ئارام ئیسماعیل" قوتابی زانکۆ لەبارەی قۆناغی دوای تەواوکردنی خوێندن، چاوی لە دەزگاکانی راگەیاندن نییە و دەیەوێ دەزگایەکی راگەیاندن دابمەزرێنێ، لەبارەیەوە گوتی: من هیچ کات نەمویستووە لە دەزگایەکی راگەیاندن، لەو دەزگایانەی کە هەن کار بکەم، خەونی من ئەوە نییە ببم بە کارمەندێک لە دەزگایەکی راگەیاندن، خەونی من دامەزراندن و خاوەندارێتی دەزگایەکی راگەیاندنە، کە لە چوارچێوەی ئامانج و بەرنامەکانی خوم و کۆمەڵێ مرۆڤی باش ئیشی تیا بکەین، ئیستاش لەسەرەتاکانین و هەنگاوی زور باشیشمان بڕیووە.

لە پەنای راگەیاندن شارەزایی لە بواری تردا

سۆما خالید تێڕوانینێکی دیکەی هەیە، ئەو پێی وایە پێویستە لە پەنای راگەیاندن، لە بوارێکی دیکەدا شارەزایی پەیدا بکات، بۆ ئەوەی هەمیشە چاوەڕێی دامەزراندن لە بواری خۆی نەکات، لەوبارەیەوە سۆما دەڵێ: هەر کە گەیشتە قۆناغی خوێندنی زانکۆ، بیجگە لە بوارەکەی، دەبێت شارەزای پیشەیەکی تر بێت، چونکە لە ئەمڕۆدا ناتوانیت لە هەمان بوار و خولیاو ئەو بەشەی کە تەواوی دەکەیت هەلی کارت بۆ برەخسێت، هەرچەندە کارکردن بەپێی حەز و خولیای خۆت بێت دەتوانیت تیادا سەرکەوتوو بیت. سۆما راگەیاندن بە بڕوانامە نابەستێتەوە و دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا کاری راگەیاندن سەرقالیی زۆری پێوە دیارە، زیاتر پشتی بە بڕوانامەی کەسەکان نەبەستووە.

مەرج نییە تەنیا لە بوارێکدا بەدوای کاردا بگەڕێین


قوتابییەکی دیکە، بە جۆرێکی دی بیردەکاتەوە، ئەو پێی وایە مەرج نییە تەنیا لەبواری خۆتدا کار بکەی، بەڵکو دەکرێ لە بوارێکی دیکەدا کار پەیدا بکەی، لەو بارەیەوە "چرا سەعید" قوتابی بەشی راگەیاندن لە (کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین) دەڵێ: وەڵامی من سەبارەت بەم پرسیارە ئەوەیە کە زۆر بەئاسایی دەزانم، ئەگەر پسپۆریت لە بوارێکدا هەبێت و کارت لە بوارەکەی خۆت دەستنەکەوێت، بە باشتری دەزانم هەنگاو بۆ بواری تر بنێیت، بۆ ئەوەی هەم کارت دەستبکەوێت، هەمیش پسپۆرێکی نوێ فێردەبیت.

هەلی کاری راگەیاندن بە ئەزموون و ئاستی راگەیاندنکار بەندە

رایەکی دیکە ئەوەیە کە دۆزینەوەی هەلی کاری راگەیاندن بە ئاستی ئەو کەسە دەبەستێتەوە کە داوای کار دەکات، ئەو رایە پێیوایە ئەزموون و شارەزایی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە کێ هەلی کاری لە دەزگاکانی راگەیاندن دەستبکەوێت، لەو بارەیەوە "گەیلان جاسم" دەڵێ: هەر وەک دەزانین راگەیاندن بوارێکی فراوانە، هەلی کارکردنیش لە دەزگا میدیاییەکاندا، لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە بەندە بە ئەزموون و ئاستی بەرزی شارەزابوونی خودی راگەیاندنکار لەبوارەکەدا، بێگومان ئاستی زیرەکی و شارەزایی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ هەموو میدیاکارێک یەک وەڵام نابێت، چونکە وەڵامێکی کەسی پێویستە و بەندە بەخودی کەسەکە کە شارەزایی کارکردنی لە بوارێکی تردا هەیە یاخود نا ، من وەک خودی خۆم بێجگە لەکاری میدیایی هیچ کارێکی ترم نەکردووە، بۆیە ئەزمونی خۆم تەنها لەم بواردا دەبینمەوە.

شتێک نییە بەناوی (من شوێنم نابێتەوە)


قوتابییەکی دی، بێ ئومێد نابێت، پێی وایە نابێ قوتابی چۆک دابدات و ئەگەر جێگەی نەبووەوە چیدی هەوڵ نەدات، شەیما بایز قوتابی بەشی راگەیاندن دەڵێ: بە تێڕوانینی من ئەگەر هەر کەسێک لەبوارەکەی خۆیدا هەنگاوبنێ و هەوڵی بەرەوپێشچوون بدات ئەوا شتێک نییە بەناوی (من شوێنم نابێتەوە) ، ڕاستە کە هەموو شتێک تا پێی دەگەی دەبێت زەحمەتی بۆ بکێشی وە هەموو کارێکیش سەرەتا لەهەنگاوی بچوکەوە دەست پێدەکات ناکرێت بە ماوەیەکی زۆر کەم تۆ بگەی بەو خەونەی کە مەبەستتە بۆیە هەوڵدان و بەرەوپێشچوون و ئەزموون دروست کردن لێرەدا ڕۆڵ دەبینێت، بۆیە من لێرەوە دەمەوێت ئەوە بەو کەسانە بڵێم ئەگەر تۆ هەوڵی بەرەوپێشچونت داو توانای گۆڕانکاری دروستکردنت هەبوو وە لەهەوڵی بچوکەوە دەستت پێکرد ئەوا دەتوانی ئەو قسەیە ڕەت بکەیەوە کە دەڵێ من شوێنم نابێتەوە.



شەیما بایز: شتێک نییە بەناوی (من جێم نابێتەوە)



گەیلان جاسم: هەلی کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا، لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە بەندە بە ئەزموون و ئاستی شارەزابوونی راگەیاندنکار



سۆما خالید: قوتابی هەر کە گەیشتە قۆناغی خوێندنی زانکۆ، جگە لە بوارەکەی دەبێت شارەزای پیشەیەکی تر بێت



ئارام ئیسماعیل: خەونی من دامەزراندن و خاوەندارێتی دەزگایەکی راگەیاندنە



ئافرەت لەنێوان ئازادی و کارکردن دا

بێکەرد کۆران

کارکردن بەگشتی واتا بوونی هێزو بازووی خۆت لەپێناو ژیان و داهاتوو، ئازادی واتا بوونی خۆت لەکارکردنی سەربەخۆی خۆت و وەستان لەسەر قاچەکانت، بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێک و هیچ کەس و لایەنێک، هیچ کات نابێت ئازادی و کارکردنی ژن تێکەڵ بەلادان بکرێت، لادان لە بەها و نەریتە بنەماییەکانی کۆمەڵگە، نەک دوورەپەرێزی و خۆشاردنەوە لە کۆمەڵگە، هەردوو حاڵەتیش لەهەموو سەردەمێکدا بوونیان هەبووەو دەشمێنن، هەر چەندە دەڵێن کومەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، بەڵام ئەوەیش ڕێژەییە و گشتیر نییە، لە سەردەمێک بۆ سەردەمێ:ی دیکە جیاوازی هەبووە، هەروەک چۆن لە ناوچە و شوێنێک بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازەو پەروەردە و بەها و پرەنسیپە خێزانی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانیش ڕۆڵیان هەبووە، ئەوەتاش بەدرێژایی مێژوو ئافرەتانێک هەبوون و کاریان کردووە لەنێو کۆمەڵگەدا لەدەرەوەی ماڵ، جا کارکردنی ئەو ئافرەتانەی جاران بۆ بژێوی ژیانی مندااڵکان بووبێت یاخود ئەوانەی لە کونجێکی بازاڕەکاندا کاریان کردووەو سەربەزانەیش ژیانی خانەوادەکەیان دابین کردووەو لەسەر قاچەکانی خۆیان وەستاون و نەیانهێشتووە کەس دەست یارمەتییان بۆ درێژ بکات.

ئەوەی لەم سااڵنەی دواییدا دەبیندرێت ئافرەتانێکی زۆر دەرکەوتوون و هەندێکیان بەڕاستی کاریان کردووەو سەربەزانەیش بەردەوامن لە کارو پیشەی خۆیان، بەاڵم هەندێکیان بەهۆکاری جیاواز و لەژێر چەندین ناوی بێ ناوەرۆک و لەناکاودا دەبنە خاوەنی داهات و سەرمایەیەکی زۆر و بەشێکیشیان شکۆی خۆیان لەدەست دەدەن، ڕاستییەکەی ئەوەیان نەکارکردنە و نە ئازادی، ئازادی بریتی نییە لە دەرخستنی جەستە و کارکردنیش بریتی نییە لەوەی شکۆی خۆت لەدەست بدەیت، کارکردن بریتییە لەوەی بە بەها و شکۆی تەواوی خۆتەوە بتوانیت بژێوی ژیان و داهات پەیدا بکەیت و تایبەتمەندی و توانا و لێهاتوویی خۆت بخەیتە خزمەت بەرنامەی کاری خۆتەوە چاوت لەوە نەبێت کەسێکی دیکە و بە پاساوی جیاجیا دەستی یارمەتیت بۆ درێژ بکات و دواتریش پەشیمانی دادت نەدات.

www.xebat.net
ژمارە (5820) 2019/9/3 سێ شەممە
خەبات

زانای ناوداری کورد (ئیبن ئادەم باڵەکی) و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی



مەلا عەبدولا شێرکاوەیی*

کوردستان بە یەکێ لە ناوەندە دیارەکانی جیهانی ئیسلامی هەژمار دەکرێ، کە باوەشی بۆ دینی پیرۆزی ئیسلام کردەوە، دواتر بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبازە، هەزاران پسپۆڕ و زانا و بلیمەتی خاوەن زمان و قەڵەم و دانەر و کتێب نووس و پێشەنگی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی لە کوردەواریدا پەروەردە کردن، کە وەک تیشکی خۆر بوونە سیمبولی روناککەرەوەی مەیدانی خزمەت بە کورد و جیهانی ئیسلامی.

ئیبن ئادەم یەکێک بووە لە زانا هەڵکەوتووەکانی کورد، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا خزمەتی زۆری پێشکەش بە گەلەکەی کردووە، لە ڕووی زانستییەوە مامۆستا و زانایەکی جێدەست دیارو بە بەرهەم بووە و بگرە نووسین و دانراوەکانی بایەخی زانستی خۆیان پێکاوە، زانایی و ئاوبانگی ئەو دەنگی دابووییەوە و لە زۆر لاوە بە ئامانجی سوودمەند بوون لە بەرهەمکانی قوتابی ڕوویان تێکردووە و لە لایان خوێندووە.

ئیبن ئادەم زانایەکی بە هەڵوێست و هۆشیار بووە، لە ڕەخنە و بەگژداچوون و لە ئاست ستەم و ناداڵییەکان قسەی خۆی هەبووە، لەسەر نووسین بە کوردی و بایەخدانی بە زمان ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆتەوە، بەڵام ئەو بێباکی نیشان داوە و لەوە نەترساوە چۆن قسەی لەسەر دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن.

عەللامە مەلا "محەمەد" ئیبن ئادەم وەک زانایەکی گەورەی کورد، سەرچاوەیەکی بەهاداری لەڕووی ئەو میراتە ڕۆشنبیرییەی وەک زانایەکی ئیسلامی و وەک هەڵکەوتوویەکی کورد بۆی بەجێ هێشتووین، دەکرێ لەهەمو ڕوویێکەوە سوود لە ئەزموونی زانستی و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی وەربگرین.

ئیبن ئادەم ڕوستایی باڵەکی (1750ز - 1822ز) ناوی تەواوی (محەمەد کوڕی ئادەم کوڕی عەبدوڵا کوڕی محەمەد کوڕی یوسف کوڕی عوسمان کوڕی ئیلیاس کوڕی حوسێن)ە، ساڵی 1164ی کۆچی بەرامبەر بە 1750ی زایینی، لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارو ئایین پەروەر لە گوندی ڕۆست لەدایک بووە، ناسراوە بە (ئیبن ئادەمی ڕوستایی باڵەکی) .

سەرەتای خوێندنی لای باوکی بووە، دواتر بە مەبەستی دڕێژەدان بە خوێندن زۆر شارو شوێن گەڕاوە و لە کۆتاییدا لەسەر دەستی زانای ناودار (مەلا عەبدوڵای بایەزیدی) کە ئەویش قوتابی زانای گەورە (صیبغەتوڵای حەیدەری) بووە، بڕوانامەی زانستی مەلایەتی وەرگرتووە پاشان دەچێتە شاری ڕواندز، کە ئەو کات ناوەندی بڕیاری ئیمارەتی سۆران بووە، لەسەر داوای پاشای کۆڕە دەبێتە مامۆستا موفتی، مزگەوت و مەدرەسەی بۆ دابین دەکرێت و دەست دەکا بە وانە وتنەوە و نووسین و خزمەتکردن، لەبەر ناوبانگ و ئاستی زانستی ئەو زانا گەورە قوتابی و فەقێی زۆر ڕوو دەکەنە ئەو مەدرەسەیە و لە زانستی ئەو بەهرەمەند دەبن .

لە تەواوی ژیانیدا سەرقاڵی خزمەتی زانستی بووە، هۆشیارو بەهەڵوێست و هەقویست و چاونەترس بووە و لەئاست ستەم و ناداڵییەکان هاتۆتە دەنگ و هەڵوێستی وەرگرتووە، هەوڵی داوە ڕەوشی ئایینی بەرەو پێش و باشتر ببات.

ئەو زانا گەورەیە لەگەڵ ئەوەی زانایەکی دیاری بواری ئایینی بووە، لەهەمان کات ژینگەی خێزانی ئەو بەو پێیەی خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و زانستی بووە یارمەتیدەر بووە بۆ ئەو، بۆیەش لە بواری فیقە و ئوسول و زانستی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و ئەستێرەناسی و چەند بواریکی دیکە چەندین دانراوی هەیە.

ئیبن ئادەم لە ژیانی خۆی لە گۆشەنیگای خۆی و هەڵوێست و ئاسەواری نووسین و بەرهەمەکانی دەرئەکەوێ لەپاڵ ئاستی زانستی، هەستی نەتەوەیی هەبووە، بەڵام ئەو هەستە زیاتر هەڵقوڵاوی سروشت و مەیلی ئایینی خۆی بووە. دوای تەمەنێک لە خزمەت لە ساڵی (1822ز) کۆچی دوایی کردووە.

هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ بوونی هەبووە، لەو سۆنگەوە کە مرۆڤ خۆشەویستی و مەیلی بۆ خاک و شوێنی لەدایکبوون و سروشتی دەوروبەر و پێکهاتەی تیرە و هۆز و نەتەوەکەی لەلا هەبووە و هەیە.

بەڵام سەرهەڵدان و سەرەتاکانی هەستی نەتەوەیی وەک بیرو فەلسەفەیەکی دیاریکراو قسە و باسی زۆری لەسەرە، ئەگەر بمانەوێ ئەمە ببەستینەوە بە ڕۆژگارێک یان مێژووی قۆناغێکی دیاریکراو، ڕەنگە وا ئاسان نەبێ، بەڵام بە چاوخشاندنەوە بە مێژووی گەلان و بەتایبەت گەلی کورد، ئەو ڕاستییە دەرئەکەوێت، کە کورد وەک گەلێکی خاوەن زمان و کلتورو مێژوو لەسەر خاکی خۆی ژیاوە، مەیلی نەتەوەیی لەسەر ئاستی تاک و بەپێی داڕشتن و چەمکی زەمەنەکان بوونی هەبووە.

هەستی نەتەوەیی لای کورد لە سەرەتاکانی ئیسلامەوە هەبووە، ئەمەش لە ناو و نازناوی کوردی و هەندێ بۆنەی تایبەت، شانازی کردن بە کوردایەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە .

هەموو هەنگاوەکان لەو بارەوە تا پێش سەدەی نۆزدە، زیاتر هەوڵی تاکە کەسی و لەچوارچێوەی خۆشەویستی بۆ هۆزو عەشیرەت بەپاڵنەری عەقیدەیی پتر هەڵقوڵاوی ئایین بوونە.

ڕۆژگاری مەلا موحەمەد ئیبنو ئادەم، هەمان شێوە بووە لە هەستی نەتەوەیی و دەکرێ بڵێین وەک بزاڤ و بیر و فەلسەفە شتێکی ئەوتۆ لەئارا نەبووە، بەڵام هەوڵە خۆرسکی و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی زانایەکی گەورەی وەک ئیبن ئادەم لەو کات، ئەگەر لە خودی خۆی هەوڵی تاکەکەسیش بووبن، ئەوا لە ڕووی تێگەیشتن و چەمکی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی واتای گرنگ دەدەن.

بەپێی زۆرێک لە سەرچاوەکان سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم لەدوای شۆڕشی فەرەنسا لە 14ی تەموزی 1789 سەریهەڵداوە.

ڕوانگەی ئیبن ئادەم لەمەڕ هەبوونی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕوانگەیەکی تایبەت و میتۆدێکی خۆڕسک و سروشتی بووە، فەلسەفەی بیر و هەستی ئیبن ئادەم لەو ڕێگایە هەنگاوی گەورەن و زادەی عەقڵییەتی پێگەیشتوو و هەڵقوڵاوی هەناوی ئیسلام بووە، بەواتایەکی تر ئیبن ئادەم لەپێناو مەبەستێکی تایبەتی و دونیایی ئەو هەستەی لا دروست نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی تێگەیشتنی بۆ ئیسلام و کۆی ئەو دەقانەی باس لەو پرسە دەکەن و مرۆڤ هاندەدەن بۆ خۆپەروەردە کردن بە هەزری نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمانەوە هاتووە.

دیدی نەتەوەیی لای ئیبن ئادەم خۆی لە هەستێکی بێ مەبەستی هەڵقوڵاوی جەوهەر و کرۆکی ئیسلام دەبینێتەوە، نە لەپێناو قایلکردنی کەس بووە، نە بە ئامانجی پاڵپشتی ئایدیا و شۆڕش و دەسکەوتی مادەدی و دونیایی بووە، بەڵکو لەسەر ڕێبازێکی ڕەسەن و ڕەوانی کوردایەتی و حەقخوازی هەنگاوی هەڵێناوە، دەکرێ لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک بکەین، کە تەعبیر لە هەستی نەتەوەیی و نیشتماندۆستی ئەو زانا گەورەی گەلەکەمان دەکات:

یەکەم: هەڵگرتنی نازناوی (ڕۆستی- باڵەکی) ئاماژەیەکە لەوەی ئەو زانا ناوداره ئامانجی بووە بنەمایەکی تری ئایینداری لە خۆیدا جێبەجێ بکات، کە ئەویش پاریزگاری کردنە لە عەشیرت و نەتەوەی خۆی، بۆ نموونە لە زۆرێک لە دەستنووسەکانی نووسیویەتی (محمد بن ادم الرستایی) یان (محمد بن ادم البالکی)، کە ئەمە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و بایەخدانە بە نیشتمان و زێدی خۆی، لەهەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ هەستی نەتەوەیی لای ئیبن ئادەم.

دووەم: هەوڵی داوە ئاگای لە ڕووداوەکانی پەیوەست بە کورد و کوردستان بێت و مووتابەعەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، هەروەک مامۆستا مەمدوح مزوری لە کتێبەکەی بەناوی بنەمالانی بەناوبانگی ڕواندوز دەڵێت: " ئیبن ئادەم زۆر گرنگی داوە بەو هەواڵانەی کە پەیوەندییان هەبووە بە گەلی کورد و میرنشینەکانی کوردستان" .

هەروەها دەڵێت: "بۆیان گێڕاومەتەوە ئیبن ئادەم لەپێناو مەبەستێکی تایبەتی و دونیایی ئەو هەستەی لا دروست نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی تێگەیشتنی بۆ ئیسلام و کۆی ئەو دەقانەی باس لەو پرسە دەکەن و مرۆڤ هاندەدەن بۆ خۆپەروەردە کردن بە هەزری نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمانەوە هاتووە.

سێیەم: کە باس لە شوێن و گوند و شارەکانی کوردستان دەکات، یان ناوی سەرۆک و کەسایەتییەکان باس دەکا بە گەورەیی و ڕێزەوە ناویان دێنێ ?وەک بڵێی بەڵای ئەو ناوهێنانو ڕێزلێگرتنی شوێن و شارەکانی کوردستان جێی خۆیەتی لەچوارچێوەی کوردایەتییەکی حەقویستەوە بایەخی پێ بدرێت. بۆ نموونە مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت: " لە پێشەکییە فارسییەکەی بۆ کتێبی (مشکاه المنقول) دەڵێ لە (قریه اولز) واتە گوندی وەلزێ) ?لە قرای کردستان)، واتە گوندێکە لە گوندەکانی کوردستان، بەدواییدا ناوی (عبدالرحمن پاشای بابان) دێنێ و شاری سلێمانیش بە (مقەر سەلتەنە کردستان) واتە سلێمانی مەقەڕی سەلتەنی کوردستانە" .

چوارەم: بایەخدانی بە زمانی کوردی و شرۆڤە و هێنانی پەندی کوردی و جەخت کردنەوەی لە نووسین بەزمانی شیرینی کوردی یەکێک بووە لەو خاڵە گرنگ و تێڕوانینە گەورانەی جێی بایەخی ئیبن ئادەم بووە.

مەسعود محەمەد دەڵێت: ئیبن ئادەم لە پەراوێزی شەرحە عەرەبییەکەی (مشکاه المنقول) ڕستەیەک دەنووسێ من لێرەدا وەک خۆی بێ زیاد و کەم دەیهێنمە بەرچاوی خوێنەر تاکوو بی تەرجومان و بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ گەرمایی و سۆزی نووسینەکە بێنە بەر هەست و زانینەوە: "ومن العجب انی سمعت انه شنع علی بان الدیباجه کردیه فصدق علیهم المپل الکردی السائرهم کبیچه خرجوا من قشرها " واتاکەشی بە کوردی ئەمەیە: سەیر لەوەدایە کە لێیان بە عەیب گرتووم پێشەکییەکەم، کوردییە، بەوەدا ئەم وتەیەی کوردیمان لێ بەڕاست گەڕا کە دەڵێ وەک هێلکە لە قەپێلکی خۆیان دەرچوون.. واتە ئەوانە وەکو هێلکە وان، چۆن هێلکە بە تۆپکڵی ڕازی نیە، ئەوانەش بە قەومی خۆیان ڕازی نین و حاشای لێ دەکەن.

سەیرکە چەند زیرەکانە و زانایانە و دڵسۆزانە لە کوردپەروەرانەی ئیبن ئادەم بووە، ئەو نازناوی شیعری هەبووە بەناوی (واجم- واتە بێدەنگ)، وەک لە ئینسکلۆپیدیای ئازادی هاتووە: "ئیبن ئادەم هەر وەک زانایەکی بلیمەت بووە لە بواری زانستی ئایینیو فیقهی و لۆژیک و گەردوونناسیو بیرکاری و جوگرافیادا، لە هەمان کاتیشدا دەستی هۆنراوە هۆنینەوەشی هەبووە و ئەم چەند دێرە شیعریان چنگ کەوتووە کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

هەوران کردە گۆزلەگۆل
میکائیلا ئەتۆش دەی
توتن و ماشان بڕشێتە
دەبا نۆش بێتە سەر دەی
ڕۆمی ئەوا پەیا بوون
کوتبخانان دەکەن تەی!

ئیبن ئادەم ئەم هۆنراوەیەی دانـاوە، کـە لـە دوا دوای ژیانیدا بووە (کۆتاییەکانی ژیانی بووە)، دەڵێتی عوسمانی میرنشینی سۆرانی لەناو برد و فەرمانی ڕاستەوخۆی عوسمانی لە شار و گوندەکانی ئەو ناوچانە دەستپێکرد و هەرچی کەلتووری کورد هەبوو لەناویان دەبرد، لێرەدا ناوی کاربەدەستانی عوسمانی بە "ڕۆمی" ناوەدبا.

ئەو شیعرانەی مەلای ئیبن ئادەم بە پێوەری ئەو سەردەمە ئازایەتییەکی زۆری تێدایە و بەڵگەی هۆشیاری ئەو زانا گەورەیەیە، کە ڕەخنەی تونـدی لـە ڕەفـتـارو هەڵسوکەوتی عوسمانییەکان گرتووە و فاکتەری مەزهەبی و ئایینی وای لێ ناکا لەئاست ئەو پەلامارانە بێدەنگ بێت .

شەشەم: هەڵوێستەکانی لەسەردەمی میرنشینی سۆرانو لەو کاتەی موفتی بووە، ماوەیەکی زۆر لـەلای میرمحمد پاشای کۆڕەی ڕوانـدز وەک مـوفـتـی دەستنیشان کراوە و وانەی پێگـوتـووەتـەوە، بەڵام دوای ماوەیەک لەلای پاشای کۆڕە دروات، دەگوترێت بە هۆکاری ئەوەی ئیبنو ئادەم ڕەخنەی لەسەر شێوازی مامەڵەکردن و ئازاردانی زیندانی یان هەبووە لەگـەڵ پـاشـای گـەورە بـە دەمەقاڵێ دێت و ڕواندز بەجێ دێڵێت، هـەرچـەنـد لـەسـەر هۆکاری ڕۆیشتنی ئیبن ئادەم لە ڕواندز دوو بۆچوون هەن، هەندێک پێیان وایە پیری و بێتـاقـەتی وای لێ کـردووە، دینەوە، ئایا لەمانە بەولاوە بەرەو بـیـری کـوردایـەتی چ قۆناغێکی تێپەڕاندووە؟" .

نۆیەم: کاریگەری ئیبن ئادەم لەڕووی هەستی نەتەوایەتی بەسـەر گـەورە زانـایـانی هاوچەرخی خۆی، وەک مەلای خـەتێ و مـەولانـا خـالـیـدی نـەقـشـبـەنـدی و مـەلاعـەلی وەسـانی و مـەلاعـبـدالـلـە جـەلـیـزادە و حاجی قـادری کۆیی.

مامۆستا مـەلا مـەمـدوحی مزوری لە کتێبەکەیدا دەڵێت: " حـاجی قـادری کۆیی لای فـەقێیـەکـانی ئـیـبـن ئـادەم خـوێـنـدوویـەتی بۆیەش بـیـرو هۆشی ئـیـبـن ئـادەم کـاریـگـەری لێ کـردووە و پەڕێشانی داوی نیشتمانی و هۆشی زمانی کوردی بووە .

مـەسـعـود مـحـەمـەد لـە نـووسـیـنـەکـانی زۆر باس لە ئیبن ئادەم دەکات، بەتایبەت کە کاریگەری زۆری هەبووە لەسـەر حاجی قادری کۆیی، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە بیری نەتەوەیی ئەو زانا مەزنە تـەنـهـا لـەخـودی خۆی نەوەستاوە، بەڵکو کاریگەری زۆری بـەسـەر دەوروبـەریش دروست کـردووە، چـونـکـە هـەمـووان دەزانـێن کـە حاجی قـادر کۆیی یـەکێـکـە لـەو ئەستێرە دیارانەی ئاسمانی کـورد و کـوردایـەتی و لـە زۆربەی شیعرەکانی گیانی نـەتـەوەیی دەکـەن بـە بـەر جەستەی مرۆڤدا.

دەیەم: ئاسەواری ئەو هەستە لەئاسەوار و کۆی دەستنووس و دانراوەکانی لەلایەک و دید و خـوێـنـدنـەوەی زانـایـان و لێکۆڵەران لەبارەی ئیبن ئادەم لەلایەکی تردە.


مامۆستا مـەسعود محمد دەڵێت: ئەو هێنـدە ئاکار و ئاساری زانایی و ئازایی و حەقپەرەستییەی کە من لە ئیبنوئادەمدا ڕەچاوم کرد و بە بـەڵـگـە سـەپـانـدم، بـایـی ئـەوەنـدە گـوتـە و کـردە و بـیـروباوەڕانـە دەکـەن کـە ڕاسـتـەوخۆ لـە گـیـانـی حـەقـپـەرەسـتی و زانـایی و ئازاییی ڕووتـەوە هـەنـگـاوی پێ هەڵێنابێ بۆ ناوەڕاستە شەقامی گرۆگاڵی کوردایەتی و بەڕەوا زانینی کوردبوون و کوردی نووسین.

مامۆستا ئەحمەد ئەحمەدیان دەڵێت: " ئـیـبـنـوئـادەم لـەو کـەسـایـەتـیـیـە دەگـمـەنـانـەی کـورده، کە لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوەدا زۆر بەرهەمی بە پێـزی لـە دوا بـەجێ مـاوە و بـەرەی پێشڕەوی داهـاتـوو دەتـوانـێ بـەهـرەی شـیـاو لـەو میراتە ڕۆشنبیرییە وەرگرێ" . ڕێـبـازی نـەتـەوەیی و کوردایەتی ئەو هـەڵـقـوڵاوی ئایین بووە و لەچوارچێوەی هـەوڵی تـاکـەکـەسی و بـە شێوازێکی پاک و هەقخواز و ڕاست بـووە، دوور لـە هـەر بـەرژەوەنـدی و مـەرامێـکـی مادی و دونیایی.

کەوابوو کوردایەتی ئیبنوئادەم لە حەقپەرەستی ڕووت و بێ فێڵەوە دێت و چ پەکی لەسەر ڕابەری سیاسی نـەکـەوتـووە فـێـری بـکـات، بۆ هـیـچ مەبەستێکی سیاسیش ئەو هەڵوێستانەی نەنواندووە.

وەک مامۆستا مـەسـعـود دەڵێت: ئـیـبـنـوئـادەم لـە مـەڵـبـەندی حـەقـپـەرەسـتی و موسڵمانەتی و دڵ هوشیاریی خۆیەوە گـوزەری کـەوتـووەتـە هـەرێـمـی کـوردایـەتی و لـەم گـوزەرەدا چ ڕەهـەنـدێـکـی سیاسی پاڵی نەناوە.

*** بەڕێرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.**



هەنگاونان بەرە و نووسینەوەی دەستووری کوردستان



مانفیەروەر: جەواد مستەفا ستریەیی

بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتییە لە لێک جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی سەرەکی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) بۆ ئەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە نەکەوێتە ژێر دەستی یەک کەس یان یەک دەستە، بەڵکو دەبێت ئەم دەسەڵاتانە دابەش بکرێن بەسەر دەستە جیاوازەکاندا. بۆغوونە ئەرکی پەرلەمان دەردەچن لە پراکتیدا. هەروەها دەسەڵاتی دادوەری پێویستە سەربەخۆ بێت لە هەردوو دەسەڵاتەکانی دیکە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان و ڕاڤەکردنی یاساکان و ئەو بنەما دەستووریانەی زیاتر لە یەک واتا هەڵدەگرن.

ئەرەستو یەکێک بوو لەو فەیلەسوفانەی بانگەشەی بۆ بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کردووە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتانە لە دەست ئیمپراتور و پاشاکان دەربێن و بخرێنە دەست گەل لە پێناو پارێزگاریکردن لە ماف و ئازادییەکانی تاک.

هەروەها مونتسکیو کە بە باوکی ئەم بنەمایە دەناسرێت یەکەم کەس بوو لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لە پراکتیکدا جێبەجێ کرد و هەمو ڕەهەندەکانی ئەم بنەمایە لە کتێبی (ڕۆحی یاساکان)دا خستەڕوو، ئەو پێی وابوو ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی سنووڕێک بۆ دەسەڵاتدارە تاکڕەوەکان دابنرێت و دەسەڵاتی ڕەهایان نەبێت، واتە ئەو پێی وابوو ئەم بنەمایە باشترین چەکە بەدەست هاوواڵتیانەوە لە دژی دەسەڵاتە تاکڕەوەکان.

بەهەمان شێوە (ئەفلاتون)یش یەکێک بوو کە بانگەشەی بۆ لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کردووە، بۆ ئەوەی دەسەڵات بۆ گەل بگەڕێتەوە و گەل ڕزگار بێت لە چەوساندنەوەی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان، بەڵام ئەو پێی وابوو نابێت لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەها بێت، بەڵکو دەبێت ئەم دەسەڵاتانەدا هەبێت و بتوانن چاودێری بەسەر یەکترەوە بکەن.

جۆن لۆک هەمووبیروبۆچوونەکانی خۆی لەبارەی بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کتێبی حکومەتی شارستانی (الحکومە المدنیە)دا خستەڕوو. لۆک پێی وابوو دەبێت لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی نوێنەرایەتیدا هەبێت، چونکە ئەو ڕایەکی جیاوازتری هەبوو، ئەو پێی وابوو دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی ناوەندیش جیا بکرێتەوە لەبەر جیاوازی هەریەک لەم دوو دەسەڵاتە. هەروەها لۆک هۆکاری لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی وڵات هەموو ڕۆژێک پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان هەیە.

دووەم: لۆک پێی وابوو ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەست یەک کەسدا بێت، دەبێتە هۆی چەوساندنەوە و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، کەواتە دەبێت ئەم دەسەڵاتانە لە دەست دەستەی جیاوازدا بێت. بەڵام لۆک ڕایەکی جیاوازی هەبوو لە فەیلەسوفەکانی دیکە، ئەو پێی وابوو دەسەڵاتی دادوەری بەشێکە لە دەسەڵاتی یاسادانان نەک جێبەجێکردن، لەوکات دەسەڵاتی دادوەری لە بەریتانیا سەربەخۆ نەبوو تا شورشی 1688 دواتریش دەسەڵاتی دادوەری بووە سەربە حزبی زۆرینە. کەواتە بەپێی هەموو ئەم ئەزموون و بۆچوونانە دەستوور و یاساکان هیچ بەهایەکیان نابێت تا سەروەری یاسادانان و جێبەجێکردن بپارێزن.



سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ دگوتارەکا واشنتۆن تایمز دا



سوهەیب میکائیل

گەلێ کوردستانێ دهەمی قۆناغاندا پێدڤی ب ئێک ڕیزی و ئێککگرتنا جڤاکی ، ئولی ، نەتەوەیی هەبویە و هەیە ، هەتاکو سەقامگیریا سیاسی و ئاشتیا جڤاکی تێدا یێ پاراستی بیت و بشێت روو بڕوویێ هەمی مەترسی وگەفێن دوژمنان ببیت ، و دهەمان دەمدا دگەل پێشهات و گوهوڕینێن سیاسی ب سەرکەفتیانە پێنگاڤان بهاڤێژیت، و بەرەڤ ئەوێ ئارمانجێ بچیت ئەوا زێدەتر ژ سەد سالایە خوینا خۆ بۆ درێژیت و قوربانیێ بۆ دەدەت.

ب درێژاهیا دیرۆکێ مرۆڤ لهەر جهەکێ هەین و لسەر ڕویێ ئەردی ژیابن و کاودانێن ژیانا وان هەرچاوابیت ، خودانێ هەر ڕەوشت و تیتال و زمان و ئاینەکێ بن ، پێدڤی هەڤدوو بوینە .ئانکو مرۆڤ ئەو بونەوەرە کو نەشێت تنێ و بێی دەوروبەرێ خۆ بژیت و هەردەم پێدڤی ب پێکڤەژیانێ هەیە.

دناڤ هەمی گیاندارێن دونیایێ تنێ مرۆڤن کو زێدەتر پێدڤی ب ژیانا ب کۆمەل و پێکڤە ژیانێ هەیە ، تنێ مرۆڤن کو پێدڤیە پلان و بەرنامەکا گونجای بۆ داهاتویا خوە دابڕێژن ، تنێ مرۆڤن کو ئەزمونێ ل سەرکەفتن و شکستێن بوری وەردگرن و دکەنە هێڤێنا ژیانەکا باشتر بۆ داهاتویا ژیانێ .

مالپەرێ واشنتۆن تایمز یێ ئەمریکی، گۆتارەک ل دۆر سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ نێچیرڤان بارزانی بەلاڤ کریە و تێدا هاتیە : " نێچیرڤان بارزانی پارێزەرێ ئاشتی و لێبۆرینێ یە ل ڕۆژهەلاتا ناڤەراست." د گۆتارا خوە دا مالپەرێ واشنتۆن تایمز، ئاماژە دایە دیرۆکا کارێن سیاسی و کارگێری یێن نێچیرڤان بارزانی و دیار کرییە، پشتی دەستبکاربوونا وی ل پۆستێ سەرۆکاتیێ، ئێدی هەرێما کوردستانێ دەربازی قۆناغەکا نوو بوو، ژبەرکو نێچیرڤان بارزانی پارێزەرێ ئاشتی و لێبۆرینی یە و جهێ باوەریا هەموو پێکهاتەیێن ئۆلی و نەتەوەیی یە و گەلێ کوردستانێ ب هیڤیەکا مەزن ڤە ل هیڤیا گاڤێن سەرکەفتنا وی نە. وی مالپەڕی دا یە زانین ژی: نێچیرڤان بارزانی نموونەیا سەرکردەیێن ڕۆژهەلاتا ناڤەراستە و دێ شێت ب هەلوەستێن خوە یێن ئاشتیانە و دوپاتیا وی ل پێکڤەژیانێ و بزاڤێن وی یێن خورتکرنا پەیوەندییێن ل گەل بەغدا، هەرێما کوردستانێ کەتە جوانترین نموونەیا ڕۆژهەلاتا ناڤەراست.

ئاشکرایە کو سەرۆکێ هەرێمێ پارێزەرێ پێکڤەژیانێ و جهێ باوەڕیا نەوە و ئولێن جودایە ل هەرێما کوردستانێ ، هەروەکی د گوتارا دەست بکاربونا خوە دا وەک سەرۆکێ هەرێمێ هەمی نەوەتەوە و ئولێن جودا ل کوردستانێ پشت ڕاستکر و گۆت : " دێ بزاڤێ کەین مافێن دەستوریێن کوردستانێ وەرگرین ، دابینکرنا ماف و ئازادی و بەرکەفتەیێن هەمی چین و تەخێن جڤاکی و نەهێشتنا هەمی جۆرە توند و تیژیەکێ و بهێزکرنا پێکڤەژیانێ و ئێکتر قەبولکرنێ د وەلاتەکێدا کو دێ وەلاتێ مە هەمیا بیت و هەرتاکەک خوە ب خودانێ وی وەلاتی بزانیت . ئێک ڕۆژ لسەر سەرێ مە هەمیا بلند دبیت و ئێک ئاسمان مە دادپۆشیت و مە ئێک ئاینده و ئێک چارەنڤیس هەیە". ئاشکرایە کو هەرێما کوردستانێ خودان چەندین پێکهاتەیێن ئاینییێن ئەتنی و جڤاکییێن جودا جودایە . و ئارمانجا سەرۆکێ هەرێمێ دڤێ گۆتنا لسەری مە بەرچاڤکری دیار دبیت. کو دێ بزاڤێن وی بەردەوامبن بۆ پاراستن و پێشڤە چوونا ئەو پێکڤە ژیانا دناڤ جڤاکێ کوردیدا هەیە و هەروەکی چاوا لە چەند سالێن بەرێ ب جدی کار لسەر دکر، هەرئەڤەژی بویە هێڤێنا گوتارا مالپەڕێ واشنتۆن تایمز یێ ئەمریکی . ئەگەر ئەم ل دیرۆکێ بنێڕین گەلەک جاران دناڤ جڤاکێ مەدا بەرئێککەفتن و ئاریشە دناڤبەرا چین و تەخێن جودا جودایێن جڤاکێ مەدا دروست بوینە لێ ل سەردەمێ نها گورینەکا بەرچاڤ پەیدابویە . ئێدی تاکێ کورد و ئەو نەتەوەییێن کو ل کوردستانێ دژین گەهشتنە وێ باوەڕێ پێدڤیە ب ڕێکا دیالۆگ و ئالوگۆڕیا هزری لهەڤ دوو بگەهن و ئاریشەییێن خوە چارەسەر بکەن. هەلبەت ئەڤە رامانا هندێ ددەت کو سەرۆکێ هەرێمێ باوەریەکا مەزن پێکڤە ژیان و کارکرنا بکۆم هەیە و کەسەکێ تاک ڕەو نینە د بڕیاردانێدا ، و دڤێت جڤاک هەمی د پێشکەفتنا وەلاتیدا پشکدار بیت . ژبەر وێ یەکێ لسەر تاکێ کورد پێدڤیە گرفتێن کەڤن بهێلیت و هزرا خوە د داهاتویا وەلاتیدا بکەت و کار لسەر ئەڤێ پرۆسەیا پێکڤەکارکرن پێکڤە ژیانێ بکەت و بڤی ڕەنگی جڤاکەکێ ساغلەم تەندروست دێ پەیدابیت کو هەمی ئول و نەتەوە تێدا هەست ب ئارامیا ژیانێ بکەن و ل جیهانا دەرڤە وەک جڤاکەکێ ئاشتی و ئازادیخواز بهێینە دیتن.

هونەر ژ بنەماییێن بهێزبوونا ژێرخانا ئابوریە



هوزان عەبدوللا

گەلەک وەلات ب هونەر یان وەرزشا خوە یان بەلاڤکرنا کەلتوریێ خوە دناڤا مللەتێن جیهانێ دا بەرنیاسن و بوینە پیشەنگ ل سەرانسەری جیهانێ و گرنگیەکا تایبەت ب خەلک و سەرکردەییێن وان دهێتە دان و دبیتە ئەگەر کو خەلک ل سەرانسەری جیهانێ سەرەدانا وان وەلاتان بکەن.

گەر سەحکەینە هەرێما کوردستانێ ب درێژاهیا دیروکێ زولم و نەخوشی و جینوساید دیتینە ئەو زەمینە بو خوشنەبوویە بشێت د واریێ هونەری دا جهێ خوە بکەت، پشتی سەرهلدانا سالا 1991 ژی ژ بەر نەبوونا پارەیەکێ تایبەت و شارەزایی د واریێ سینەمایێ دا چ پێشڤەچوون د واریێن هونەری دا نەهاتینە کرن، پشتی وەرگرتنا کابینەییێن حکومەتێ ژ لایێ نێچیرڤان بارزانی ڤە گرنگی ب واریێ هونەری هاتە دان، ئەڤ پێنگاڤە بو ئەگەر کو سینەماکار و دەرهێنەر پرودیوسەرێن باش د واریێن سینەمایێ دا بهێنە مەیدانێ و جهێ خوە بکەن. نموونەییێن هەری دیار و گرنگیدانا حکومەتێ ب ڤی واریدا پشتەڤانیکرن ل فلمەفەستیڤالا دهۆکێ یا نێڤدەولەتی و تەرخانکرنا بودجەیا ڤێ ڤەستیڤالێ، ئەڤ فەستیڤالا ل هەر چار پارچەییێن کوردستانێ ئێکەم بوو و شیا هەموو فلمسازێن کورد ل هەر چار پارچەیان و دیسان ل گەلەک جهێن دونیایێ کۆمبکەت و شەش گەرێن ڤێ فەستیڤالی ب باشترین شێوە بهێنە بڕێڤەبرن و بەردەوام بیت، ئەڤ فەستیڤالا بو ئەگەر کو گەلەک فلم بهێنە چێکرن و پترا فلمان ژی شیاینە خەلاتان ل سەرانسەری فەستیڤالێن جیهانێ وەربگرن و هندەک ژ دەرهێنەرێن کورد ژی ل فەستیڤالێن جیهانی ببنە دادوەر د ژوریان دا، ئەڤە هەمی بۆ گرنگیدانا حکومەتا هەرێمێ ب ڤی واری دا ڤەدگەریت.

ڤەکرنا پیشانگەها پەرتووکان ل هەولێرێ کو بوویە نەریتەکا سالانە بوویە ئەگەر کو خواندەڤان ژ هەموو تەخان ب تایبەت یا گەنجان زێدەبیت و بزاڤا وەرگێرانێ بکرێتەوە، چونکە سرووشتی ئەم دوو دەسەڵاتە لەیەکتر جیاوازە. لە ڕووی سەروەریەوە دەسەڵاتی یاسادانان نوێنەرایەتی گەل دەکات کە ئەرکەکەی بریتییە لە یاسادانان کە پێویست ناکات بەردەوام لە کارکردنا بێت. بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتییە لە پردی پەیوەندی لە نێوان تاک و دەسەڵاتی یاسادانانا، ئەرکەکەی بریتییە لە جێبەجێ کردنی یاساکان و گەل مافی ئەوەی هەیە چاودێری بەسەر کارەکانی حکوومەتدا بکات و لە کاتی پێویستدا بەرپرسانی حکوومەت لەسەر کار لایان بدات، چونکە لەلایەن گەلەوە دانراون و سەربە گەلن.

بەڵام سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەری ڕۆڵ ڕایەکی جیاوازی هەبوو لە پێی وابوو دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە دەست دەستەیەکی تایبەتدا بێت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە ئەمانەش نوێنەری گەلن و سەربە گەل و خزمەکاری گەلن، هاوشێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەڵام پێویستە دەسەڵاتی دادوەری ملکەچی یاساکان و بنەما گشتییەکانی وڵات بێت هاوشێوەی فەرمانبەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لە ئەنجامی چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتی سەرەکی (یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەری) لەگەڵ یەکتردا هەرسێ سیستەمی حوکمڕانی (سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و مەجلسی) لەدایک دەبێت، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەپێوەی لە هەر یەک لەم سیستەمانە دەکەن.

بۆ نموونە لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەهایە یان نیمچە ڕەهایە، ئەم سیستەمە تەنها بەسەر وڵاتە کۆمارییەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بە گشتی دوو بنەمای سەرەکی لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا بەدی دەکرێت یەکەم: سەرۆک کۆمار سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بە دەسەڵاتی زۆر بااڵوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەرەوەی دەسەڵاتی یاسادانایە و هیچ یەکسانییەک لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا نییە. دووەم: ڕەخنەیا ئەدەبی ب شیوەیەکێ بەرفرەوە پێشبکەڤیت و باشترین گەنجێن ڕومانقیس و نڤیسەر و هوزانڤان پەیدا بکەت.

پێشوازیکرن و هاریاریکرنا هونەرمەندان ژ لایێ سەرۆکێ حکومەتێ یێ کابینەییێن بوری ببوو ئەگەرەک کو هونەرمەند پتر گرنگیێ ب هونەرا خوە بدەت. زێدەبوونا کەرنەڤال و ڤەستیڤالێن کەلتوری و جورا و جور و پیشانگەهێن هونەری بوینە ئەگەرەک کو پتر کەلتورا مە بهێتە ناساندن بو وەلاتێن جیران و ببیتە ئەگەرەک بۆ ڕاکێشانا گەشتیاران.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە علی محمود علی جۆری ئۆتۆمبێل: ساحب زراعیە نیو هولند مۆدێل: ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٠٤١٤ کاتی ژمارەی شاصی: ASM٢٢٠٨٢٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامەی ١٦٧٥٤ بەناوی دیلان ارسلان رشید صالح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤١٩٨٩٤ رێککەوتی ٢٠١٩/٦/٩ بەبری ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی فرهاد صدیق سلیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەتەوە بگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی...

***

بەرزەبون

بەرزەبونا باجا قوتابی (لولاف خالد نوری) زانکویا دهوك کولیژا پزیشکی قوناغا چارێ ئەڤجا هیڤی یە هەرکەسێ ببینت بلا پەیوەندیێ بڤێ ژمارێ بکەت ٠٧٥٠٤٥٠٥٤٤٠ دگەل سوپاسیا.

***

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی (دیار علی عمر) وون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لە تەق تەق (٠٧٥٠١٠٤٩١٥٧)

***

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی (زیرەك ظاهر حویز) وون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لە تەق تەق (٠٧٥٠١٩٠٢٦٥٤)

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : حسين اسماعيل غانم

للطلب المقدم من قبل المستدعي (زينل اسماعيل غانم) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : عمران بوكو ابراهيم

للطلب المقدم من قبل المستدعي (بوكو ابراهيم عمر) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : حجي حبو حجي

قدم السيده / دجوار خدر قاسم طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ١٤١١/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٤١١/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع العقار المرقم ١٣/١٣ مقاطعة ٩٣ جوار عقرة المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ١٤١١/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى رفاهيه المساحة ٣٠٠ م٢ الجنس ملك صرف دار سكني ذو طابقين القيمة المقدرة (١٤٤٠٠٠٠٠٠) مائة واربعة واربعون مليون دينار عيراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١٠٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢

ئاگاداری

سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی راستکردنەوەی ناو:-

لەسەر داوای (ولید محمد حسن) کەدەکاتە پارێزەری داواکاری میراتگر (همینه معروف عثمان) کە لە داواکاریەکەی داهاتووە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٢ داواەدکات راستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (همین معروف عثمان) بۆ (همینه معروف عثمان) لە بریاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٧٣، ٤١٣) کەرتی ٧/ تل الخيم الكبير, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, پێویستە لەسەر خاوەن داواکان بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئاماەد بکەن لە رێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٧) کارەکەمان ئەنجام دەدەین بەمەبەستی راستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای مەوادی کەسی عەنکاوە

ژمارە: ٤/مواد/ تصحيح خطا مادی/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢

جاردان

بۆ داوالێکراو: نزار نعوم حنا شوێنی نیشتەجبوون نادیار

داواکار (رواء جورج شابو) داواکاری ژمارە ٤/ مواد تصحيح خطا مادی/٢٠١٩

لەسەرت تۆماکردووە تێیدا داوای (راستکردنەوەی ناوی باوکی داوالێکراو دەکات لە نزار نعوم بۆ نزار ناعوم) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی (گەرەکی ئاشتی و مارت شمونی لە عەنکاوە) لەبەر ئەوە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٦ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دەرهەقت بەپاشمەلە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

پەیانگای تەکنیکی خەبات

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٦٢٧

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢

ئاگاداری کەمکردنەوەی نهێنی

ژمارە (١)

راگرایەتی پەیانگەی تەکنیکی خەبات کەمکردنەوەیەکی نهێنی رادەگەیەنێت سەبارەت بە کرێدانی (ژووری فۆتۆکۆپی) و (یانەی قوتابیان)ی پەیانگەی تەکنیکی خەبات، جا ئەوەی ئارەزووی بەشداربوونی لەم کەمکردنەوەیە هەیە دەتوانێت لەرۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣ وە لە یەکەی دارایی پەیانگاکەمان بەبری ١٥,٠٠٠ پانزدە هەزار دینار تەندرەکە وەربگرێت کە گێرانەوەی بۆی نییە وە داواکاری و بەڵگەنامەی پێویستەکان لەناو زەرفێکی داخراو دابنرێت و ناو و ژمارەی مۆبایلی بەڵێندرەکەی لەسەر تۆمار کرابێت بەپێچەوانەوە پشت گوێ دەخرێت دوا ماوە بۆ وەرگرتنی تەندەرەکان کۆتایی دەوامی رەسمی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٧.

١- هەر تەندرێك لەکاتی خۆی پێشکەش نەکرێت پشت گوێ دەخرێت.

٢- هەر تەندرێك کەم و کوری هەبێت پشت گوێ دەخرێت.

٣- پەیانگە پەیوەست نییە بەکەمترین نرخ.

٤- بەڵێندەر نابێت فەرمانبەر بێت لەدام و دەزگاکانی حکومەت.

مەرج و پێداویستیەکان:

١- بارمتەی سەرەتایی بەبری (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ هەر یەکەیان بەشێوەی پارەی نەختینەیی بدات بەیەکەی دارایی پەیانگەکەمان وە ئەم بڕە پارەیە لەلای لایەنی یەکەم دەمێنێتەوە تا کۆتایی گرێبەستەکە.

٢- وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی و رەگەزنامە.

٣- پشتگیری باجی دەرامەت.

٤- شارەزایی پێشووی لەم بوارەدا هەبێت.

٥- لیستی هاوپێچی فرۆشتنی کەل و پەل و دیاری کردنی نرخەکان.

٦- ئەگەر هاتوو بەڵێندەر نیازی پێشکەش کردنی هەر خزمەتگوزارییەکی تری بۆ پەیانگە هەبێت یان هەر خستنە سەرێك (اضافة)ی هەبێت (لەڕووی دروستکردنی ژووری تر، دروستکردنی دەستشۆری زیاتر بۆ قوتابیان، فراوانکردنی پاککەرەوە بۆ دەورووبەری یانە.. هتد)دەتوانێت بە هاوپێچ لەگەڵ تەندرەکە بینووسێت.

٧- کرێی سالانەی (١,٢٥٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و دوو سەدو پەنجا هەزار دینارە بۆ بەکرێدانی ژووری فۆتۆکۆپی وە کرێی سالانەی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینارە بۆ بەکرێدانی یانەی قوتابیان.

٨- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی تەندەرەکەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

م. سوران ذوالنون یاسین

راگری پەیانگەی تەکنیکی خەبات

***

دادگای باری کەسینەی شەقڵاوە

ژمارە/١٢٨/ش/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٩

جاردان

بۆ داوالێکراو/ ریبا محمود عمر

داواکار/ (جیهاد عبدالله حامد) داوای شەرعی ژمارە (١٢٨/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکراوە لەم دادگایە کە تیایدا داوای (تفریق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری (شەقلاوە/ سەرمەیدان) بۆیە پێت رادەگەیەنین کە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (٢١) لەیاسای دادبینی شارستانی کە لەرۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٠/٢) ئامادە بێت یان بریکارت ئامادەبێت لە دادگاکەمان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە پاشملە و ناشکرا.

دادوەر/ کەنار طاهر قادر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٥٦٤٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١

بۆ/ بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی/ ب. پێشانگاو خزمەتگوزاری بازرگانیەکان

پاکتاوکردنی کۆمپانیا

لەبەر دەرچوونی بڕیاری دانانی لەژێر پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLDEN ARC) بۆ بازرگانی گشتی و هەنارەد و هاوردە/ سنوردار) کە لەلای ئێمە تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (٢٠٣٦٣) لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٥ وە بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (مازن ادمون ابراهیم) و بوونی لە قۆناغەکانی پاکتاوکردن تکایە ئاگادارمان بکەنەوە ئایا کۆمپانیای ناوبراو هەر گرێبەستێك یان پابەندبونێك (التزاماتێکی) لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە و گرێبەستەکانی بەردەوامە یان نا بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەین.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٥٦٥٤

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١

بۆ/ بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی/ ب. پێشانگاو خزمەتگوزاری بازرگانیەکان

پاکتاوکردنی کۆمپانیا

لەبەر دەرچوونی بڕیاری دانانی لەژێر پاکتاوکردنی کۆمپانیای (P.E.S) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار) کە لەلای ئێمە تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (٧١٦٢) لە بەرواری ٢٠١٠/٣/١٠ وە بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (فلیپ چارلس پارکر) و بوونی لە قۆناغەکانی پاکتاوکردن تکایە ئاگادارمان بکەنەوە ئایا کۆمپانیای ناوبراو هەر گرێبەستێك یان پابەندبونێك (التزاماتێکی) لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە و گرێبەستەکانی بەردەوامە یان نا بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەین.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٥٦٠٤

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١

بڕیار

ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (KARMEN BILISIM ENERJI VE INSAAT TICARET ANONIM SIRKETI) (شرکة كارمين لتكنولوجيا المعلومات و الطاقه والانشاء و التجارة/ المساهمة)ی تورکی) راستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە ولاتی (تورکیا) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٦) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (اسماعیل سمیر مامند) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.

من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٥١٨٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Grand Building) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Grand Building) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٨/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بارزان حسن ملا یحیی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٥

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (GOLDEN ARC) بۆ بازرگانی گشتی و هەنارەد و هاوردە/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ مەریوان وەیسی صابر

ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٥٣٧٦٠٧

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (P.E.S) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ مەریوان وەیسی صابر

ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٥٥١٩٨٧

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (KARMEN BILISIM ENERJI VE INSAAT TICARET ANONIM SIRKETI) (شركة كارمين لتكنولوجيا المعلومات و الطاقه والانشاء و التجارة/ المساهمة) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (Grand Building) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٣٥٠٥/ب/٢٠١٨/٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان/ ریزان مولود صدیق و ڤیان مولود صدیق
لەسەر داوای داواکار (سەنگەر عبدالصمد جاسم) لە داوای ژمارە (٣٥٠٥/ب/٢٠١٨/٥) ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢١ بڕیاریدا لەسەرتان بەپابەندکردنتان بەگەرانەوەی بڕی پارەی ١٨٠٠٠ هەژدە هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٢١٦,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەدو شازدە ملیۆن دیناری عیراقی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی راستی و رووناکی) لە ٢٠١٩/١/٢٢ و ٢٠١٩/١/٢ بڕیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارەکە پاشملەیە و (الاعتراض و الاستئناف و التمییز)ەوە مافی تانەدانتان هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاسایید بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە/ ١٧٢٠/ ب/٢/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کولدن روک بۆ بازرگانی گشتی سنوردار – سەرەڕای کارەکەی) داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی بانکی الاتحاد العراقی – سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ١٧٢٠/ ب/٢/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کولدن روک بۆ بازرگانی گشتی سنوردار – سەرەڕای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی بختیاری) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٢٣) بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٥٠١/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٨/٧
ئاگاداری
داواکار / حیاة قادر احمد
داواڵەسەرکراو/ سردار طالب رحیم
بۆ داوالەسەرکراو (سردار طالب رحیم) داواکار بەناوی (حیاة قادر احمد) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردون بە ژمارە (١٥٠١/ب/٢٠١٨) تایبەت بە قەرز بەبڕی (٧٣٠٠٠٠٠٠) حەفتاو سێ ملیۆن دیناری عراقی ،لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٢٣) بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە : ١٥٠١/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٨/٧
ئاگاداری
داواکار / حیاة قادر احمد
داواڵەسەرکراو/ سردار طالب رحیم
بۆ داوالەسەرکراو (سردار طالب رحیم) داواکار بەناوی (حیاة قادر احمد) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردون بە ژمارە (١٥٠١/ب/٢٠١٨) تایبەت بە قەرز بەبڕی (٧٣٠٠٠٠٠٠) حەفتاو سێ ملیۆن دیناری عراقی ،لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٢٣) بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٨٦٣/ب/٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (رائد جبار سعدالله)
داواکاران (١- کامران جلیل خلیل ٢- دیار جلیل خلیل ٣- دارا جلیل خلیل) داوای ژمارە (٨٦٣/ب/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان پابەندکردنی بە دانانی کرێی مانگانە بەبڕی ٣٠٠٠ دولار ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی شۆرش لە ٢٠١٩/٤/٧ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە تێپەڕبوونەوە پێداچوونەوەتان هەیە لە بڕیاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
فەرمانگەی دادنووسی دارەتوو
ژمارەی گشتی: ٢٤٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١
هۆشداری (انذار)
لەرێگەی دادنووسی (دارەتوو) بۆ (هێرش سلیمان حمد عمر) ناونیشان گوندی شوبات و ئادار و نیسان و مایس و حوزیران و تەموز و ئاب و ئەیلول/٢٠١٩ نەتداوە کە کۆی گشتی پارەی ئەو مانگانە دەکاتە (٩,٩٠٠,٠٠٠) نۆ ملیۆن و نۆسەد هەزار دینار بڕیە لەرێگەی فەرمانگەی دادنووسی دارەتوو ئاگادارتان دەکەینەوە لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ دا بەپێی خالی (١١) لە گرێبەستی نێوانتان نامادەبیت لە فەرمانگەی دادنووسی دارەتوو بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە بەپێچەوانەوە ناچار دەبین داوای یاسایی لەسەرت تۆمار بکەین لە دادگای تایبەتمەند بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم گرێبەستە و داواکردنی مافەکانی بریکاردارم هۆشداری گلەیی لێ ناکرێت.
فخرالدین قادر مجید
دادنووسی یەکەم
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٨
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای Industrial revolution / بۆ بازرگانی گشتی - سنوردار) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە کە دەگەرێتەوە بۆ خۆی وێنستا دانەدراوە لە (ڕێگای مصیف) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتێ یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ئامێری گواستنەوەی پلێت ژمارە/٢٠ - ١ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٢- ئامێری نەقش کردنی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- ئامێری دابەشکردن و برینی پلێت ژمارە/ YHS٢١٨ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٣.
٤- ئامێری ڕاستکردنەوەی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٥- ئامێری مقەسی برینی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥.
٦- ئامێری مقەسی برینی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٧٥.
٧- ئامێری برینی ڕۆخی پلێت ژمارە/YHS- ٢١٨ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥.
٨- ئامێری خرکردنی پلێت ژمارە/YHS-٢١٨ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٩- ئامێری گواستنەوەی پلێت ژمارە/٢٠ - ١ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ دەستی.
١٠- ئامێری خەنزکردنی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٩.
١١- ئامێری دروستکردنی بۆری ١ تا ١,٥ انچ بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
١٢- ئامێری لەحیم کردن بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٠*٢ امپێر / دووداندە.
١٣- ئامێری خرکردنی بۆری بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢.
١٤- ئامێری مقەسی برینی بۆری بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠.
١٥- ئامێری دروستکردنی بۆری ١,٥ تا ٤ انچ بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
١٦- ئامێری خرکردنی بۆری بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
١٧- ئامێری مقەسی برینی بۆری بێ ژمارە دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨.
١٨- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/٩٧٥*٢٤٤٠*٨ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧٥.
١٩- ئامێری لەحیم کردنی BRC ژمارە/١٢٦٠٨ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠٠٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A٩٠٠.
٢٠- ئامێری لەحیمکردنی هێلی ڕاست ژمارە/١٢٦٠٩ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A١٥٠.
٢١- ئامێری هێل کێشان لەسەر پلێت ژمارە/١٢٦١٠ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A١٥٠.
٢٢- ئامێری لەحیمکردنی بازنەیی ژمارە/١٢٦١١ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A١٥٠.
٢٣- ئامێری هێل کێشان لەسەر پلێت ژمارە/١٢٦١٢ دروستکراوی تایوان مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢.
***
زانکۆی سۆران_فاکەڵتی زانست
خۆیەتی
ژمارە : ٧٦٦/٢/٤
ڕێکەوت : ٢٠١٩/٨/٢٩

بۆ/بەڕێز د. دارا تۆفیق مغدید/مامۆستا لە بەشی کۆمپیوتەر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی بەڕێزت دوای تەواوبوونی پشووی هاوین دەستبەکار نەبوویتەوە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/١٨) وە پەیوەندیت بە فاکەلتییەکەمان نەکردۆتەوە تاکو ئێستا ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٩) بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت کە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بیت و ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بگەڕێیەوە سەر کار , بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبی و بە پێی یاسای خزمەتگوزاری زانکۆیی و یاسای خزمەتگوزاریی شارستانی ئیجراتاتی یاسایی لەگەڵت دا دەکرێت.
پ.د. سەردار محی الدین حمدامین
ڕاگری فاکەڵتی بە وەکالەت
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٩٢١/ش/٢٠١٦/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥
جارِدان
بۆ/داوالێکراو(بیار هادی کریم)
دادگا لە داوای ژمارە (٢٩٢١/ش/٢٠١٦/٣ دادگا بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لەم دادگایە لە بەرواری (٢٠١٧/٥/٢) لەنێان داواکار (ڤیڤیان مۆید سعید) وە داوالێکراو (بیار هادی کریم) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/گەرەکی ١٢١گولان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و ڕۆژانە وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ١٦٩٦/ب/٢٠١٩/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١
پێڕاگەیاندن
بۆ/داوالێکراو (محمد عزیز إبراهیم)
داواکار(غازی قادر عبدالله) داوای ژمارە (١٦٩٦/ب/٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر(محمد عزیز إبراهیم) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی کورانی عەنکاوە) لە ٢٠١٩/٨/٨ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٩/٢٣) کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەر حسین علی محمد
***

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination
As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:
JOB TITLE: Projects QA/QC Inspector
LOCATION: Field Site
JOB SUMMARY:
KEY RESPONSIBILITIES
- To be Responsible for working on Procedure Qualification Records (PQRs), and Welding Procedure Specifications (WPSs), in compliance with ASME SEC IX,ASME 31.3 ,ASME 31.8
- To be Responsible for Qualifying (WPQT) of pipe and Plate Welders, in accordance with ASME SEC IX and so concerned project specification after to train them. Addition to, to monitor daily performance of Welders, based on NDT results.
- Stringing/Bending /Welding /NDT /FJC/Trenching /Pipe-lay/Backfill / block valve stations and pig stations/Hydro test. For the review and approval of contractors QA/QC procedure, welding and NDT procedures, inspection and test plans (I&TP), quality plans. Inspection and Audit, qualification and approval of subcontractors.
- In charge of PWHT activity by directing the members of Team about the pipes, some of which have to be treated in compliance with the project procedures as well as project standards .
- Participate in reviewing detailed design drawings, method statements, material requisitions, Co-ordinate mobilization of contractors on site.
QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Technical University qualified
- NDT Level II RT , UT, VT, MT and PT minimum
- Minimum 15 years O&G Industry experience as a QA/QC Engineer
- Fully conversant in the following fields of expertise
- Industry standard construction installation specification
- Will need excellent communication and presentation skills in both written and verbal English
NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination
As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:
JOB TITLE: Shutdown Support Engineer
LOCATION: Field Site
JOB SUMMARY: Shutdown Support Engineer duties are to manage day to day operations activities across multiple sites.
KEY RESPONSIBILITIES
- Apply Taqa expectations on HSE and demonstrate Safety Leadership.
- Provide operations input to Engineering Work Packs
- Ensure preparation of all required Permits and Risk Assessment 2 weeks prior to shut down.
- Co-ordinate and track permits from Issue to closure and provide assurance all work scopes are completed and signed off prior to start up.
- Coach and prepare local production operators for the shutdown to fulfill technical and operational tasks.
- Assess and report on performance and identified gaps for local operations staff to feed into training plans.
- Act as Area Authority for Production Operations as deemed necessary.
- Provide daily progress / status reports.
QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Fluency in English, both written and spoken.
- Minimum of ten experience in an oil/gas or petrochemical process facilities.
- Minimum of 5 years experience in a Operatios Support Engineer
- Ability for creative thinking in developing technical solutions to achieve TAQA Iraq Business goals
NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /۲۷۳/ ب/۲۰۱۹
التاریخ/ ۲۰۱۹/۹/۱
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو /(یونس محسن مهدی) جهێ ئاکنجیبینا وە یا بەرێ زاخو – سبیریز / جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
ڤێ دادگەهـێ ل ڕۆژا (۲۰۱۹/۸/۲۷) بریار دا ب نەهیلانا ژمارا (۲۷۳/ب/۲۰۱۹) لەسەر مولکی ژمارە (۱/ ۷۰۱۸ کەرتێ ۱۱ سیمل) یاقەرزدار(حکمەت عبد رشید) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبریا مە بکەت د ماوێ (۱۵) بازدە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ و دڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (۱۰٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی ، بوزانین بهایی هاتیە دانان بو (۷) حەفت سال و(۳) سی هەیڤ دبێتە (۲۳۹,۲۵۰,۰۰۰) دوو سەد وسیە و نەە مەلیون و دوو سەد و پێنجی هزار دیناری عیراقی دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕە سمێ لێسەندنی و دەلالیێ لسەر بکری نە .
جێ بە جێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ۵۸۲ /ب/۲۰۱۹
ڕێکەوت/ ۲۶ /۸ /۲۰۱۹
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراوان (۱-ایە نذیر سعدی ۲- خانی حجی درباس)جهێ ئاکنجیبوونا وە نەدیارە ژبەر داوا ل دژی وە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهـێ ژلایێ داواکار (حسن نو الدین صالح) نەوا تێدا داوای دکەت پیچولکردن یەکا یا ژمارە (۲۶۲۷/۱) کەرتی ۱۳ مالتا اسلام) وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ڕیڤەبریا راگەهاندنا دادی ل دهۆك یا ژمارە (۲۰۹۱) ڕێکەفتی ۲۰۱۹/۸/۲۰ وراپورتا هەلبژێری تاخی نازادی وسی گرگا ڕێکەفتی ۲۰۱۹/۸/۲۰ بریاردا تو بهبینە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (۲۱) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهـێ ل دەم ژمێر (۹,۰۰)ی سپێدێ ژ ڕوژا ۲۰۱۹/۹/۱۵ وئەگەر ئامادەنەبون یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرین دێ ب پا شملە وناشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادەور / ریبوار محمد حسن
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ۲۰۸۳ / ۲۰۱۹
ڕێکەوت/ ۱/ ۹/ ۲۰۱۹
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (عمر اسماعیل ابراهیم حسنین)
ژبەر نەزانینن نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (۲۷)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕوژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (۱۵/ پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لڕێڤەبریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین هاریڤان ایوب عبدالله
(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ۲۸۱/ب/۲۰۱۹
ڕێکەفت/ ۳۱/۷/۲۰۱۹
بۆ داوالێکراو (سردار عبدالله محمد)
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (۲۸۱/ب/۲۰۱۹) لە ڕێکەوتی ۹/۷/۲۰۱۹ لە سەر داوای داواکار (معاذ جمیل احمد) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە تۆ بریارەکەش بریتیە لە گەراندنەوەی قەرزەکەی بە بری (۱۳۵۰۰۰۰۰) سێزدە ملیون وپینج سەت هزار دینارە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕوژنامەی ناوخۆیی بۆیە مافی رازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایی وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادەور / خالد عثمان یوسف
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ۲۰۱۸/۲۲۴۸/موحده
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۹/۲
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (۱۷۴۷۶ / دهۆك کرێ) جورێ (تویوتا کرولا صالون) مودێل (۲۰۱۴) رەنگ (تبنی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ (ایاز شعبان ابراهیم) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕیڤەبریا مە بکەت ل دەمژمێر (۱۲) دوازدە نیڤرو ل ڕوژا (۳) سێ پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (۱۰ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبێتە (۱۶۲۰۰۰۰۰) شازدە ملیون وددو سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
هاریڤان ایوب عبدالله
جێ بەجێ کاری داد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٦٤/ك/۲۰۱۹
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۷/۱٦
جاردان
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو: هبة مقداد هاشم
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ۲۰۱۹/ك/٦٤ لەڕێکەوتی ۲۰۱۹/٤/۲٤ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ۲ دوو سال بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ۳ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادەور/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی هەولێر/۱
ژمارە: ۵۹۸/ك/۱/ ۲۰۱۹
بەروار: ۲۰۱۹/۸/٤
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو: ڤەکاس کولاك
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/۱٤۳ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (۹)ی بەیانی لە ڕێکەوتی ۲۰۱۹/۱۰/۸ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۱
ژمارە: ٦٦٧/ك/۱/ ۲۰۱۹
بەروار: ۲۰۱۹/۸/۲۷
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو: هاوری مؤید محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/۱٤۳ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (۹)ی بەیانی لە ڕەوزاری ۲۰۱۹/۱۰/۲۷ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/٦٤١/ك/۲۰۱۹/۲
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۸/۲٦
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو/ مظفر طاهر انور
ئاگادارکردنەوە
ئامـاژە بـەداوای ٦٤١/ك/۲۰۱۹/۲ تۆمەتبـاری هەلّاتـوو (مظفر طاهـر انـور) شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی (۱٤۳) لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزا دادگا بریـاری دا لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە کات ژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ۲۰۱۹/۱۰/۱۳ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (۲) لـە یاسـای (موبایـل) بـە پێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەڕێـوە دەچێـت بەگوێـرەی ڕێسـاکان.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/۷۵۳/ك/۲۰۱۹/۲
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۸/۲٦
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو/ رزگار عثمان صابر
ئاگادارکردنەوە
ئامـاژە بـەداوای ۷۵۳/ك/۲۰۱۹/۲ تۆمەتبـاری هەلّاتـوو (رزگار عثمـان صابـر) شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی (۱٤۳) لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزا دادگا بریـاری دا لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە کات ژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ۲۰۱۹/۱۱/٤ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (۳۷۷) لـە یاسـای (سزاکان) بـە پێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەڕێـوە دەچێـت بەگوێـرەی ڕێسـاکان.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/۷۲۵/ك/۲۰۱۹/۲
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۸/۲٦
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو/ محمد عبدالرحمن احمد
ئاگادارکردنەوە
ئامـاژە بـەداوای ۷۲۵/ك/۲۰۱۹/۲ تۆمەتبـاری هەلّاتـوو (محمـد عبدالرحمـن احمـد) شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی (۱٤۳) لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزا دادگا بریـاری دا لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە کات ژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ۲۰۱۹/۱۱/۱۷ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (۲۳۰) لـە یاسـای (سزاکان) بـە پێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەڕێـوە دەچێـت بەگوێـرەی ڕێسـاکان.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۱
ژمارە: ۷۹۳/ك/۱/ ۲۰۱۹
بەروار: ۲۰۱۹/۸/۲۷
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو: هێرش سلیمان احمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێـگای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە ۲۰۱۹/۱۰/۲۷ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی ۱۱۹ لەیاسـای (أصـول) بەشـێوەیەکی پاشـملە غیابـی لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بڕیاردرا بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخـوی ڕۆژانـە پێـت رابگەینرێـت مافـی تانـوو لێدانـت هەیـە (الطعـن) لـە بڕیارەکـە بەڕێـگای نارازیبـوون (الاعـتراض) لەمـاوەی یاسـایدا ۳ مانـگ لـەڕۆژی بلاوبوونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبروەدەگرێـت.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/۷۵/کفالە/۲۰۱۸
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۸/۲٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: سامی عبدالله مولود
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئـەم دادگایـە بریـاری حوکمـی دەرکـردووە بـە ژمـارە ۷۵/کفالـە/۲۰۱۸ لـە ڕێکەوتـی ۲۰۱۹/۵/۲۱ لەسـەرت بـە پێبـژاردن (الغرامـة) بەبـری (۸,۰۰۰,۰۰۰) هەشـت ملیـون دینـار بەپێـی مـادەی ۱۱۹ لەیاسـای (أصـول) بەشـێوەیەکی پاشـملە غیابـی لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بریـاردرا بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخـوی ڕۆژانـە پێـت رابگەینرێـت مافـی تانـوو لێدانـت هەیـە (الطعـن) لـە بڕیارەکـە بەڕێـگای نارازیبـوون (الاعـتراض) لەمـاوەی یاسـایدا ۳ مانـگ لـەڕۆژی بلاوبوونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبروەدەگرێـت.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/٥٤/کفالە/۲۰۱۸
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۸/۲٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: جیڤارە صباح مجید
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئـەم دادگایـە بریـاری حوکمـی دەرکـردووە بـە ژمـارە ٥٤/کفالـە/۲۰۱۸ لـە ڕێکەوتـی ۲۰۱۹/٥/۲۰ لەسـەرت بـە پێبـژاردن (الغرامـة) بەبـری (۱۰,۰۰۰,۰۰۰) دە ملیـون دینـار بەپێـی مـادەی ۱۱۹ لەیاسـای (أصـول) بەشـێوەیەکی پاشـملە غیابـی لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بریـاردرا بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخـوی ڕۆژانـە پێـت رابگەینرێـت مافـی تانـوو لێدانـت هەیـە (الطعـن) لـە بڕیارەکـە بەڕێـگای نارازیبـوون (الاعـتراض) لەمـاوەی یاسـایدا ۳ مانـگ لـەڕۆژی بلاوبوونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبروەدەگرێـت.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/۳۹/پاسپۆرت/۲۰۱۸
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۸/۲٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: زینب مهدی علی
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئـەم دادگایـە بریـاری حوکمـی دەرکـردووە بـە ژمـارە ۳۹/پاسـپۆرت/۲۰۱۸ لـە ڕێکەوتـی ۲۰۱۹/٥/۱٤ لەسـەرت بـە پێبـژاردن (الغرامـة) بەبـری (۲٥۰,۰۰۰) دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار بەپێـی مـادەی ۱۰/یەکـەم لەیاسـای (پاسـپۆرت) بەشـێوەیەکی پاشـملە غیابـی لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بریـاردرا بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخـوی ڕۆژانـە پێـت رابگەینرێـت مافـی تانـوو لێدانـت هەیـە (الطعـن) لـە بڕیارەکـە بەڕێـگای نارازیبـوون (الاعـتراض) لەمـاوەی یاسـایدا ۳ مانـگ لـەڕۆژی بلاوبوونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبروەدەگرێـت.
دادەور/ حسن علی مراد امین
***

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Maintenance Superintendent
LOCATION: Field Site

JOB SUMMARY: The main purpose of the Maintenance Superintendent is to ensure that the planning and implementation of maintenance activities are in place. The availability of the facility equipment will be dependent on the correct coordination of planned and unplanned works.

KEY RESPONSIBILITIES
- Apply Taqa expectations on HSE and demonstrate Safety Leadership.
- Report concisely in accordance with MS requirements with due regard for document control
- Ensure identifying, progressing and closeout of relevant audit actions
- Exercise appropriate authority with regard to career development, providing training and
- Ensure efficient maintenance procedures in place for plant systems, utility systems and camp facilities, having due regard for Health and Safety, including the design of installation
- Ensure full compliance with PTW system and all associated safe control of work processes.
- Implementing and enforcing Company Management System policies and procedures in particular mechanical and electrical isolation Standards and PTW
- Manage operations, maintenance and SIMOPS in conjunction with all department heads to maximise efficiency and uptime

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- 10 years minimum as Maintenance Superintendent within Oil & Gas production operations.
- Experience with Gas Turbine Power Generations, Integrated ICCS/ESD/Fire & Gas facilities and semi complex upstream or/and downstream process plants
- Proven experience and results-oriented individual,
- High level understanding of industry HSE practices applicable to job role
- Fluent English language communication skills, spoken & written

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Planning & Scheduling Engineer
LOCATION: Field Site

JOB SUMMARY: Provide leadership in generating Integrated Asset Planning (IAP)-related recommendations that align with the company strategic and daily operational goals to enhance overall Business Unit value.

KEY RESPONSIBILITIES
- Produce and maintain the weekly, monthly, quarterly, annual and 3yr Asset plans.
- Provide data and support to the Operations Team for the weekly planning meetings
- Monitor and report on adherence to Project Gate Criteria and activity readiness.
- Ensure the Plans and POB Tracking data are aligned with POB & journey constraints.
- Participate in decision forums to decide on priorities and ensure these are reflected in plans and communications.
- Develop, maintain and own Level 4 (Track Coordinate Plan - TCP) plans and integrate into overall Asset plans through IAPS processes.
- Integrate 3rd party plans into asset plans where required.
- Ensure all work (Operations, Projects, Engineering, Drilling) adheres to IAPS guidelines including MOCs.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Detailed knowledge of Primavera P6 or higher.
- Fluency in English, both written and spoken.
- Minimum of ten years integrated asset-planning experience in an oil/gas or petrochemical process facilities.
- Minimum of 5 years experience in a Senior Technical role involving: engagement & translation
- Ability for creative thinking in developing technical solutions to achieve TAQA Iraq Business goals

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

www.xebat.net
ژمارە (5820) 2019/9/3 سێ شەممە

جیهان و ناوچەکە لە چاوەڕوانی شەڕێکی نوێدا



مستەفا قایتەرانی - لەندەن

عێراقی فیدراڵ ئەو وڵاتەی سەردێڕ و مانشێتی زۆرترین هەواڵی میدیاکانی جیهانە، عێراق وەک وڵات خەڵکەکەشی وەک گەلانی تەنها لە فۆرمێکی کۆماریدا وەک یەک وڵات دەردەکەوێ،لە دروستبونیەوە تا ئەمڕۆ نە ئاشتی باڵی بەسەردا کێشاوە و نە سەقامگیریش دەبێت، هەر جەنگێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبدات یەکەم ڕۆکێتی لە عێراقەوە تاقی دەکرێتەوە چی لەناوخۆی وڵاتەکەدا بوبێت چی دەوروبەری چی هاوپەیمانیەکی فراوان لەدژ دروست بوبێت.دەتوانم بڵێم ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و خاوەن پێگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوی سەرقاڵ و گیروەردەی ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەن،هەموو ڕێگاکانی ئاڵۆزیش چ ڕۆژئاوا و چ ئەمەریکا دەهێنێتەوە عێراق ،لە بواری وزە و ئابوری و سەقامگیری ئاسایشی ناوچەکە و دروستبونی هیلالی شیعی و قەڵەمڕەوی ئێران لە عێراقەوە بۆ شام و هتد..



هەڵبەت عێراق ئێستا بووەتەجێگای یەکلایبوونەوەی ململانێکان لەنێوان ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و لە بەرامبەر ئێران و بگرە هەندێک جار تورکیا و وڵاتانی عەرەبی،ئێران و تورکیا،عێراق لەناو خۆشیدا ململانێی هەزار و چوارسەد ساڵی ڕابردووی ئەم دوو مەزهەبەی شیعە و سونە لەلایەک و کورد و شیعەی حاکمی عێراق لەلایەک و کورد و سونە لەلایەکی تر،ململانێی تەیار و باڵە میانڕەو و تیژڕەوە ئاینیەکانی شیعەش لەناو خۆیاندا لەلایەکی تر...!

ئەمانە هەمووی بوونەتە ئاهەنگێکی کراوە و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش بەتایبەتی ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان بەریەک دەکەون وەک میوانێکی بانگهێشتنەکراو هەمیشە بونیان لەسەر سفرە و خوانی سیاسی عێراق هەیە، هەر وڵاتێکی زلهێزیش بەپێی قورسای و کاریگەری لە ناوچەکە مەزهەبێک یان ڕەوتێکی سیاسی ئایینی دەجوڵێنێ بەتایبەتی وڵاتانی هەرێمی. کەواتە ئەم وڵاتەی ناوی عێراقە بەم هەموو جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و سیاسیەی کە هیچ لایەک ئەویتری قبوڵ نیە و یەکتر ناخوێننەوە لە هەموو شوێنێ باشترە بۆ شەڕی بەوەکالەت دژ بەیەکتر. تێکەڵبون و کەڵەکەبوونی ئەو هەموو فایلە بونەتە دەرفەت بۆ زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە ئەزمە و گرفتە ناوخۆییەکانیان بهێننە عێراقەوە بۆیە باشترین شوێن بۆ دووڕخستنەوەی کێشانە یان بۆ گۆڕەپانی سیاسی عێراق.ئێستاش وایلێهاتووە جیهان بە هەموو جیاوازییەکانیان لەبەردەیەکن و ئێران و نزیەکەکانی لە بەردەیەک وەستاون و ئەمەریکا لەگەڵ هەریەک لە ڕووسیا و چین گەیشتونەتە دوالێکتێگەیشتن لەسەر بابەتی ئێران ڕەنگە تەنها لەسەر کات وەستابێت، دروستبونی هاوپەیمانێتی لە ناوچەکە و جموجوڵی ئەمەریکا و بەریتانیا و وڵاتانی تر لە گەرووی هورمز ئاماژەی زۆر ڕوونن.کۆبونەوەی G7 لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆک بوونی جیهان لەسەر هەندێک بابەت ئاماژەی زۆر ڕوونترن بۆ داهاتوی ئەو شەڕەی ڕووی لە ناوچەکە کردووە. ڕەنگە لە ڕووکەش ئەوەی لە میدیاکان دەترێت ناوەڕۆکی کۆبونەوەکان نەبن بەتەواوی بەڵام ناکرێت هەموو شتیش لەجیهان بشاردرێتەوە،ئەوەی لە G7 بەڕوونی دەرکەوت دەستکراوەیی ئیسرائیل بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی لە هەر شوێنێ ئاسایشی کەوتە مەترسیەوە دەتوانێ گورزی سەربازی و ئاسمانی بوەشێنێ لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردووشدا وەزارەتی بەرگری ئەو وڵاتە و خودی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئەوەیان دووپاتکردەوە کە ئەوان هەرپێگەیەکی سەربازی و هەواڵگری دەکەنە ئامانجی فرۆکەکانیان لە ناوچەکە مەترسی بێت بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل،ئەمەی کە ئیسرائیل کردویەتی بێگومان هەریەک لە ڕووسیا و بەریتانیا و ئەورووپا و ئەمەریکاش پشتیوان و گلۆپی سەوزی هەیە بۆ کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە ناوچەکە بەتایبەتی سوریا و عێراق.

عێراقیش بەو هەموو ئاڵۆزی و ناکۆکییە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەی هەیەتی لەلایەک و شەڕی تیرۆر و نەبونی سەقامگیری ئاسایشی ناوخۆشی تەواو لە مەترسیدایە ،بەتایبەتی پەنتاگۆن و خودی دۆنالد ترامپ ئەوەیان ڕاگەیاند کەچیتر کوڕی خۆیان لە عێراق بەکوشت نادەن و هیچ ئامادەنین شەڕی تیرۆر بۆ عێراق بکەن و هتد...

ڕای گشتی جیهانیش بەو شێوەیە جوڵاوە کە بەهۆی مەترسی ئەو هەموو گروپە چەکداری و میلیشیانەی کە لە عێراق و ناوچەکە بونیان هەیە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوەپاڵپشتی دەکرێن مەترسین بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل بەپلەی یەکەم و دواتریش وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە و پاشان گواستنەوەی ئەو مەترسیانە بۆ ئەوروپا و ئەمەریکا لە میدیاکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و بەریتانیاش مەترسی ئەم میلیشیانە کەمتر وێنا ناکرێت لە داعش ئەگەر بە هاوشێوەی یەک سەیر نەکرێن.ئێستا ئەمەریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان لە ئامادەباشی تەواو دان بۆ هەموو ئەگەرەکان بۆیە جیهان و ناوچەکە لە چاوەڕوانی شەڕێکی نوێدایە ،چەخماخەی ئاگرەکە لە عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت،کوردستانیش لە ئاگرەکە نزیکە.

هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستانیش وایە هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی و هەرێمی ناتوانێ وەک ژمارە نەیخوێنێتەوە بۆیە هەمیشە پێگە و ڕۆڵی جیاواز لە عێراق سەیر دەکرێت چونکە پێگەیەکی ئابوری بەهێزی هەیە کە نەوت و گازە ، ئەو دۆخە نوێیەی بەڕێوەیە وا پێویستە هەرێمی کوردستان باشتر ئامادە بێت چی لە یەکڕیزی نیشتیمانی و چ ئامادەباشی کردن بە هێزی پێشمەرگە ئەگەری زۆرە ڕووداوەکانی ناوچەکە دیسانەوە دەرفەتێکی تری سیاسی بداتەوە بە کوردستان چونکە بە دروستبونی شەڕ لەم ناوچەیە کەلێنی ئەمنی دروست دەبێتەوە لە زۆر شوێنی عێراق ، هەرێمی کوردستان دەتوانێ بگەڕێتەوە پێش 16 ئۆکتۆبەری ساڵی 2017. ئەوەی ئێستا لە عێراق و ناوچەکە دەگوزەرێ لێدانی دەهۆڵی شەڕە بە نەرمی و چاو و گوێی خەڵک ڕادەهێنرێت بۆ ڕووداوەکان لە قۆناغی دووەم کە ڕاگەیاندنی شەڕەکەیە .

وێنە و کۆمێنت



ئەندۆنیسیا پایتەختەکەی دەگوازێتەوە

سەرۆکی ئەندۆنیسیا ڕایگەیاند کە ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی بۆرنیۆ دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی پایتەختی وڵاتی لە جاکارتاوە بۆ بگوازرێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو گێڕایەوە کە جاکارتای پایتەختی ئێستا شارێکی گەورە و جەنجاڵە و هەڕەشەی بەرزبوونەوەی ئاو و ڕووداوی بوومەلەرزەی لەسەرە. بەگوێرەی زانیاریەکانیش شوێنە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە ویلایەتی کالیمانتانی ڕۆژهەڵات و شوێنێکی ستراتیژی و گونجاوە .

مانشێت



سکای نیوز:
بە گوێرەی دواین داتاکان ، ئەو کەشتیە نەوتهەڵگرە ئێرانیەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی جەبەل تاریقەوە دەستی بەسەر داگیرا و دواتر ئازاد کرا ، ڕووی کردۆتە سوریا و واشنتۆنیش هۆشداری دەدا.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەسینا بڕیاری دا سەرجەم ئەو پەنابەرانە ڕەوانەی تورکیا بکاتەوە کە لەوێوە خۆیان دەگەیننە خاکی یۆنان.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە باکووری ڕۆژهەڵاتی نایجیریا ، چەکدارانی سەر بە گرووپی بوکۆ حەرامی تووندڕەو هەشت جوتیاریان کوشت.

ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەسینا بڕیاری دا سەرجەم ئەو پەنابەرانە ڕەوانەی تورکیا بکاتەوە کە لەوێوە خۆیان دەگەیننە خاکی یۆنان.



ئەی ئێف پی :
بڕیار وایە سوپای ئەمەریکا لەگەڵ سوپای 10 وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مانۆڕێکی سەربازی هاوبەش ئەنجام بدەن .



ئەی ئێف پی:
وەک دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بە سڕکردنی کاری پەرلەمانی وڵات لەلایەن جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانەوە، لە چەند شارێکی بەریتانیا هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر .



کەنالی ئار تی:
بەریتانیا بەنیازە ژمارەیەک فرۆکەی بێ فرۆکەوان ڕەوانەی ناوچەی کەنداو بکات .

www.xebat.net
ژمارە (5820) 2019/9/3 سێ شەممە
خەبات







باکووری کوردستان... لەشاری ئورفا رنینەوەی بیبەری توون دەستپێکرد

بیبەری ڕەنگ سووری تووں کە بە یەکێک لە سیمبولەکانی شاری ئورفا دادەنرێت و هاوڵاتیان ناتوانن واز لە خواردنی ئەو بیبەر بهێنن، لە ئێستادا پێگەیشتووە و کاتی ڕنینەوەیەتی لەشاری ئورفای باکووری کوردستان کە بە دەوڵەمەندی لە هەمەچەشنی کولتووری خواردن ناسراوە، بەرهەمی بیبەری تووں لە دوایی قۆناغێکی درێژ و سەخت لە ژێر گەرمای بەتینی هاوین، کەوتە بازاڕەکانی ئەو شارە. بیبەری سووری تووں کە لە وەرزی بەهاردا دەچێنرێت لە دوای چاودێریەکی زۆر و لە مانگی ئاب پێدەگات بەروبومەکەی لێدەکرێتەوە و بە بارهەڵگری تایبەت دەگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی ئورفا. بیبەری ئاسایی لە سەرەتادا لەلایەن بەرهەمهێنەرەکان دەکڕدرێت و پاشانیش ئافرەتەکان دەستدەکەن بە خاوێنکردنەوە و شووشتنەوەی ئەو بیبەرانە بەهۆیی تووني بیبەرەکانەوە بەدەست دوو لەت دەکرێن بۆ ماوەیەک لەبەر تیشکی خۆر دادەنرێن دواتریش بە ئامێری هاڕین ورد دەکرێت و ڕەنگ و تامێکی ناوازەیی دەبێت. بیبەری تووني سوور دوای ماندوبونێکی زۆر ئامادە دەبێت بۆ سەر سفرە و خوانەکان. بەرهەمهێنەرانی بیبەری تووں لەژێر 40 پلەی سیلیزی خۆر کار دەکەن و هەوڵی بەرهەمهێنانی بەتامترین بیبەری تووں دەدەن. بیبەری تووں کە سیمبولی بێتوێنەی شاری ئورفەیە بە درێژایی ساڵ لە دووکانەکانی بەهارات دەستدەکەوێت ونرخەکەشی بەپێی کوالێتیەکەی لەنێو 30 تا 50 لیرە بۆ هەر کیلۆیەک دەگۆڕێت. (عیسا ئاشکای) کە ساڵانێکی زۆرە بەرهەمهێنەری بیبەری تووني بە ئاژانسی ئەنادۆلوی ڕاگەیاند کە بەر لە 32 ساڵ باوکی دەستی بەم کارە کردووە و ئێستاش ئەوان درێژەی پێدەدەن (ئاشکای) ڕایگەیاند کە ئەوان لە سەرەتادا لە سەربانی خانووەکانیان دەستایان بەبەرهەمهێنانی بیبەری تووں کردووە، بەڵام بەهۆی زۆری داواکارییەکان زەوییەکی کشتوکاڵیان بەکرێ گرتووە و کارەکەیان فراوانتر کردووە. (عیسا ئاشکای) ئەوەشی خستەڕوو کە بیبەری سووری تووں لەژێر پلەی گەرمی دەخایەنێت هاوکات (تویا ئاجاری) تەمەن 13ساڵ لەگەڵ دایکی خەریکی خاوێنکردنەوەی بیبەرە گوتی: سەرەڕای گەرمی پشووی هاوین، بەڵام کارەکەم بە دڵخۆشییەوە دەکەم بەم هۆیەشەوە خەرجی خۆم و خێزانەکەم پەیدا دەکەم.

هۆکاری وەرینی گەڵاکان ڕووەکی جوانی نێو ماڵ



کاتێک لێتواری گەلاکان ڕەنگیان دەگۆڕێت بۆ قاوەیی هۆکارەکان بریتێن لە:
زێدەڕۆیی لە پەین کردن.
دووبارە بوونەوەی نەمانی شێ لە خاکدا.
بەهۆی هەبوونی مادەی فلۆراید لە ئاودا ڕەگەکان دووچاری برین دێن.
هۆکاری زەردبوونی گەلاکان :
پیس بوونی ژینگەی دەوروبەر.
شەختە و بەستەڵەک.
زێدەڕۆیی لە ئاودان.
کەمی ڕووناکی.
توشبوون بە مێرروو.
مانەوەی ئاو لە خاکدا کە دەبێتە هۆی گەنینی ڕەگ.
هۆکارەکانی زەردبوونی گەلاکان:
کەمی ڕووناکی.
شەختە و بەستەڵەک.
زێدەڕۆیی لە ئاودان.
گەنینی ڕەگ.
هۆکاریی نەمانی بریتەداری لە ڕەنگی گەلاکان:
بەرککەوتنی زۆری تیشکی خۆر زیاتر لە پێویست ڕووەکەکە.
کەمی پەینکردن.
بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی.
لاوازی ڕەگەکان
هۆکاریی لاوازی گەشەی ڕووەک :
1- کەمی پەینکردن.
2- کەمیی بەرککەوتنی تیشکی خۆر.
3- لاوازی ڕەگەکان.
هۆکاریی بچووکی قەبارەی گەلا نوێیەکان:
1- کەم ئاوی.
2- کەمی تۆخمە کانزاکان لە خاکدا.
3- کەمی ڕووناکی.
هۆکارەکانی دەرکەوتنی پەڵەی قاوەیی لەسەر گەلادا:
1- بەرککەوتنی زۆری تیشکی خۆر.
2- زێدەڕۆیی لە ئاودان.
3- تۆشبوون بە نەخۆشی و دەردی کشتوکاڵی.
هۆکاری سیسبوون و لێچ بوونی گەلاکان:
1- وشکی کەشوهەوای دەوروبەری ڕووەک.
2- کەم ئاودان.
3- گەرمی یان ساردی زۆر.
گەنینی ئەو بەشەی ڕووەک کە بەر خاک دەکەوێت:
1- هەبوونی نەخۆشی لە ڕەگدا.
2- زێدەڕۆیی لە ئاودان.
هۆکاری دەرکەوتنی ڕەگ لە خاکدا :
1- بچووکی ئینجانەی چاندن.
-2پڕکردنی خاک لە ئاو.
هۆکاریی لێچ بوونی لێتواری گەلاکان و وەرینیان:
1- ساردی کەشوهەوا.
2- زێدەڕۆیی لەئاودان.
3- بەرککەوتنی ڕووەک بە تەوژمی با.
هۆکارەکانی وەرینی لە ناکاوی گەلاکان:
1- نەمانی شێ لە خاکدا بۆ ماوەیەکی درێژ.
2- بەشێوەیەکی لەناکاو ڕووناکی لە ڕۆژدا زیاد دەبێت.
3- بەرککەوتنی ڕووەک بە تەوژمی با.

عێراق...

زیاتر لە 80%ی بنەتۆوی گەنم بۆ وەرزی چاندن دەستەبەر دەکات

وەزارەتی کشتوکاڵی عیراق ڕایگەیاند کە زیاتر لە 80%ی بنەتۆوی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بە تۆوی باوەڕپێکراوی گەنمی بۆ وەرزی چاندنی ئەم ساڵ ئامادەکردووە.
بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوەی کشتوکاڵی عیراق (فیراس حوسێن موزاحم) لە بەیاننامەیەکدا جەختی لەوە کردەوە کە وەرزی کشتوکاڵی ئەم ساڵ بەرفراوانبوونێکی گەورەی لە بەرهەمهێنان و چاندنی تۆوی باوەڕپێکراو بەخۆوە بینیوە کە لە ڕووبەری 3هەزار دۆنم زەوی لە 40 شوێنی جیاوازدا چاندراون کە بەسەر 15 پارێزگا دابەشبووە، ئەوەش بۆ یەکەم جارە لە عیراق ئەنجام دەدرێت. ئاشکراشیکرد بڕی ئەو گەنمەی بەرهەم هاتووە زیاتر لە 80%ی پێویستی بنەتۆوی باوەڕپێکراوی گەنمی پێویستی ناوخۆی چاندن پردەکاتەوە. هەروەها موزاحم ڕایگەیاند ئەو بڕە گەنمە لە وێستگەکانی توێژینەوەی سەر بە بەڕێوبەرایەتی توێژینەوە بەرهەمهاتووە لەژێر ڕۆشنایی بەرنامەی نیشتیمانی بۆ زیدەکردنی تۆوی باوەڕپێکراوی گەنم، ئەو تۆوەش جۆرەکەی باشە و زۆر خاوێن و بێگەردە بەهۆی خاوێنکردنەوەی لە کارگەکانی خاوێنکردنەوەی وەزارەتی کشتوکاڵدا، ڕاشیگەیاند ئەو بەرهەمە زۆرەی ئەم ساڵ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هاوردەکردنی گەنمی باوەڕپێکراو بۆ چاندن لە لایەن جوتیارانداوەک پاڵپشتییەک بۆ ئابووری نیشتیمانی.
لە کۆتایدا ڕایگەیاند: بەرهەمی بەروبومی گەنم لە عیراق گەیشتە زیاتر لە 4.750.000تەن کە 250 هەزار تەن بۆ چاندن شیاوە.



چارەسەری کێشەی جوتیاران لە ئێستا و داهاتوودا



لەگەڵ زۆربوونی بەرهەمی خۆماڵی و نەبوونی سیستەمێکی ئیدارەی حکومی باش بێگومان تووشی کۆمەڵێک کێشە بووینەتەوە کە بووەتە هۆی تووڕەبوونی جوتیاران لەوەش خراپتر بۆتە هۆی فرێدانی بەرهەمەکانیان لەسەر جادە و دەشت و دەرەکان. پرسیارەکە ئەوەیە پێویستە چی بکرابایە تا شتێکی وا ڕوونەدات؟ دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ ئەمە یەکەمیان: گۆڕانی کەش وهەوا کە دەبێتە هۆی درەنگ پێگەیشتنی بەروبومەکە و زۆری نەخۆشی و فەوتانیان. دووەم: نەبوونی سیستەمێکی ئیداری حکومی کە پێویستبوو بەلایەنی کەمەوە ئەم چەند خاڵەی تێدابوایە. ڕاگرتنی بەروبومی دەرەوە بەشێوەیەکی بە تەواوەتی گەر بە گومرگی زۆربشێبێت. دروستکردنی سیستەمێکی ئیداری هۆشیاری و سەرپەرشتی بە دوو شێوە:
1- دانانی سیستەمێک بۆ بەربژێرکردنی جۆرەکانی بەروبووم تا لەرێژەی پێویست دەرنەچێت و کەمیش نەبێت .
2- پێشکەش کردنی سیمینارات دەربارەی شێوازی چاندن وبەکارهێنانی موبید و سەماد. دروستکردنی ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی بەروبومەکە بۆ وەرزێکیتر لە هەمو ئەو ناوچانەی کە کشتوکاڵی تێدا زۆرە. (ئەمەش وادەکات لە هەمو وەرزەکاندا خاوەن بەروبومی خۆمانیبین ڕێگری لە پێویست بوون بۆ بەروبومی دەرەوە بکەین. (دروستکردنی کارگەی شەربەت و خواردن و دۆشاو) ، هیچنەبێ حکومەت هاوکار بێت تا کۆمپانیاکان بتوانن پرۆژەکانیان بهێننە بواری جێبەجێ کردن. ئاسانکاری بۆ هاتنە ناوەوەی سەماد و موبید کە لە ئێستادا گومرگی زۆرە هێنانە ناوەوەی جۆری تازە کارێکی قورس و درێژ مەودایە، زوو پێدانی پارەی ئەو دانەوێلانەی کە حکومەت وەریاندەگرێت لە جوتیاران. ئەگەرچی ئەوانە چارەسەری 100%نین، بەڵام بەلایەنی کەم 90% لە کێشەکانمان کەم دەکاتەوە. ئەگەر ئەم چارەسەرانە زوو نەکرێن مەترسی وازهێنانی جوتیاران لە کشتوکاڵ کردن بۆ ساڵانی ئایندە زیاد دەکات.

ئامادەکردنی ژیلوان محەمەد
قوتابی قۆناغی دووی پاراستنی ڕووەک
زانکۆی سەلاحەدین

شێوازی چاندنی تۆوی لیمۆ



لە دەفرێکدا کەمێک خاک دادەندرێت و ئاو ڕشێن دەکرێت بۆ ئەوەی شێدار بکرێت پاشان خۆڵەکە لە شوێنی چاندن دادەندرێت بە مەرجێک قوڵایی خاکەکە لە 2.5 کەمتر نەبێت.
پێویستە تۆوی لیمۆکە هەڵبژێردرێت و تۆوێکی باش بێت و قەبارەی گەورە بێت. تۆوەکە دەکرێتە دوو لەت بە مەرجێک هیچ بەشێکی ناوکی لەگەڵدا نەبێت و دەکرێت لەتە تۆوەکە لەناو دەم دابنرێت بۆ ئەوەی تامی لیمۆکە نەهێڵێن. نابێت تۆوی لیمۆکە پێش پرۆسەی چاندن تووشیی وشکی ببێت بۆیە لە شوێنێکی شێدار هەڵدەگیرێت. بە قوڵایی 1.27سم تۆوەکە لەژێر خاک دادەندرێت بە بڕێک ئاو دەپڕژێندرێت یۆ ئەوەی شێدار بێت.
شوێنی چاندن بە نایلۆن دادەپۆشرێت بە مەرجێک ڕێگا لە هەناسەدانی تۆوەکان نەگیرێت و خاکەکەی بەردەوام دەبێ شێدار و گەرم بێت.
بۆ ئەوەی تۆوەکان تووشیی گەنین نەبن پێویستە نەکەونە بەر کەشی گەرم و وشک.
دوای نزیکەی دوو حەفتە لە چاندن تۆوەکە چەکەرە دەکات و ڕووپۆشە نایلۆنەکە لادەبرێت و هەوڵ دەدرێت گۆڵی چاندن بکەوێتە بەر تیشکی خۆر.
شێوەی چاندنی ئەو شەتڵەی بە تۆو بەرهەم هاتووە
لە باخچەی ناوماڵ یان لە نێو باخدا چاڵێک لێدەدرێت بە مەرجێک دوو ئەوەندەی چاڵی نەمامگەکە بێت و قوڵایی لە 1.5ئەوەندەی قەبارەی ڕەگەکەبێت.
چاڵەکە پڕ ئاو دەکرێت لەگەڵ ناشتنی شەتڵەکە یان پێشوەختە ڕەگی شەتڵەکە لە نێو دەفرێکدا نقومی ئاو دەکرێت بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بۆ ئەوەی ڕەگەکە نەرم بێتەوە.
چاڵەکە بە خاک پڕدەکرێتەوە بە مەرجێک شەتڵەکە نزیکەی 5سانتیمەتر لەسەر ڕووی خاک بەرز بێت.
پێویستە بە بڕی پێویست ئاو بەکار بێت بە مەرجێک ئاوی زیاد ڕێگای دەربازبوون هەبێت.

هەولێر.. پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو



هاوار موڕتکەیی

یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ یانەی خانزاد پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی کوردستانی بەڕێوەبرد کە 95 شەترەنجزان لەسەر ئاستی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان تێداکردبوو.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەشدا کە پشتیوان شێخ ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی شەترەنجی خانزاد ئامادەببوو، ئازاد دیبەگەیی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان وتەیەکی پێشکەشکرد و وێرای سوپاسی یانەی خانزاد لەدەستەبەرکردنی هۆل و پێداویستییەکان پاڵەوانێتییەکە، هەروەها سوپاسی ئەو دایک و باوکانەی کرد کە لەماوەی ڕۆژانی پاڵەوانێتییەکەدا لەگەڵ منداڵەکانیان ماندوو بوون لە ئامادەکردنیان بەبەردەوامی، ئینجا سوپاسی هەموو ئەوانەشی کرد کە ڕۆڵیان هەبوو لەسەرخستنی ئەم پاڵەوانێتییەدا.

ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی تەمەنە جیوازەکانە لەسەر هەردوو

ئاستی کوڕان و کچان:

کوڕان خوار 20 ساڵ:
ئەحمەد جەزا پلەی یەکەم
شکار حەمید پلەی دووەم
ڕێباز ناسر پلەی سێیەم

کچان خوار 20 ساڵ:
یار بەیاد پلەی یەکەم
ئەنگە مەسعود پلەی دووەم
لەنیا سەلاح پلەی سێیەم

کوڕان خوار 18 ساڵ:
ئالان ئومێد پلەی یەکەم
عەلی فەرهاد پلەی دووەم
یوسف فەرهاد پلەی سێیەم

کوڕان خوار 16 ساڵ:
ئاکار ئومێد پلەی یەکەم
عەبدوڵڵا حەسەن پلەی دووەم
ئوسامە ڕائید پلەی سێیەم

کچان خوار 16 ساڵ:
گەلا محەمەد پلەی یەکەم
پەروا پشتیوان پلەی دووەم
داستان ئارپاک پلەی سێیەم

کوڕان خوار 14 ساڵ:
پۆڵا ئازاد پلەی یەکەم
داریان ئارپاک پلەی دووەم
ڕەوا فەخرەدین پلەی سێیەم

کچان خوار 14 ساڵ:
بیریان سیامەند پلەی یەکەم
بێگەرد دلشاد پلەی دووەم
نقار سەردار پلەی سێیەم

کوڕان خوار 12 ساڵ:
یەشار دیدار پلەی یەکەم
ڕێزدار فەرمان پلەی دووەم
ڕەوەند ئەدیب پلەی سێیەم

کچان خوار 12 ساڵ:
بەهرە سەمیر پلەی یەکەم
ڕۆزیا فەخرەدین پلەی دووەم
ڕۆرزە سەمیر پلەی سێیەم

کوڕان خوار 10 ساڵ:
عەبدوڵڵا عەمار پلەی یەکەم
شادی فۆئاد پلەی دووەم
یەحیا دلشاد پلەی سێیەم

کچان خوار 10 ساڵ:
یەری پشتیوان پلەی یەکەم
لەنیا سوارە پلەی دووەم
لارا سەمیر پلەی سێیەم

کوڕان خوار 8 ساڵ:
ئاریکار ئومێد پلەی یەکەم
ئەیمەن عیماد پلەی دووەم
لاوێن محەمەد پلەی سێیەم

کچان خوار 8 ساڵ:
هێڵین هێمن پلەی یەکەم
سلیڤا محەمەد پلەی دووەم
ڕاز خوبات پلەی سێیەم

کیانگ وانگ هەمووانی تووشی شۆک کرد



کیانگ وانگی کچە تینسزانی چینی هەمووانی لە پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکا بۆ تێنس تووشی شۆک و سەرسامی کرد، کاتێک لە گەڕی چوارەمی ڕکابەرییەکانی ئافرەتان لە ئاشلی پارتی ئوسترالی بردەوە و لە پاڵەوانێتییەکەی کردەوە دەرەوە.

ئاشلی کە یەکێک لە پاڵیوراوانی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بوو کەچی لەسەر دەستی کیانگ وانگ بەئاسانی کرایە دەرەوە، کاتێک بە دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر 2-6و 4-6 لێی بردەوە.

ئۆبامیانگ: ئێمە شایستەی بردنەوە بووین

ئۆبامیانگی گابۆنی و هیرشبەری یانەی ئەرسنال بەو بەرامبەربوونەیان لەگەڵ یانەی تۆتینهام بەختەوەر نییە و پێی وایە ئەوان شایستەی بردنەوە بوون نەوەک بەرامبەر بوون، کە لە یاری لووتکەی گەڕی چوارەمی خولی ئینگلیزی بەیەک گەیشتن.

ئۆبامینگ لەمبارەیەوە دەڵێت: ئێمە شایستەی بردنەوە بووین، ئێمە بە 2 گۆڵ لەدواوەبووین، بەڵام سەرلەنوێ گەڕاینەوە سەر دروستیی یارییەکە، و سەرکەوتوو بووین لە بەرامبەر کردنەوەمان، هەروەها ئەو یاریزانە کە گۆڵی بەرامبەری دژی تۆتنهام تۆمار کرد زیاتر دەڵێت: پێم وایە زۆر دەرفەتی گۆڵی بردنەوەمان ادەستدا و لە 3 خاڵی یارییەکە زۆر نزیک بووین بەڵام دواجار ئەو ئەنجامەم بەدل نەبوو.



گاریس بێڵ ریال مەدرید لە دۆڕان ڕزگار دەکات



ئەگەرچی گاریس بێڵ توانی یانەی ریال مەدرید لە دۆڕان دەرباز بکات و کاتێک گۆڵی بەرامبەری لە دژی یانەی قیاریال هێنایەوە، بەڵام هێندە بەختەوەر نەبوو کاتێک لە کاتی زیادکراوی یارییەکە بەهۆی تووندوتیژی یاریکردنی لەلایەن ناوبژیوانی یارییەکەوە دوو کارتی ئاراستە کراو لە یارییەکە کرایە دەرەوە.

زینەدین زێدان ڕاهێنەری ریال مەدرید ئەمجارەش ڕووبەڕووی گلەیی میدیاکانی ئیسپانی و جەماوەرەکەی بۆوە و ئەم نارەزایەتییەش یاری دوای یارییی لە زیادبوونداید و میدیاکان نزیک لە ریال مەدرید هێمای پرسیاریان بەرامبەر ناوی زێدان لە مانشێت داناوە و ئەمەش وەک فشارێک بۆ سەر ئەو ڕاهێنەرە پەرەدەستێنێ و ڕەنگە لەداهاتوودا گلەییەکان ببنە فشارێک بۆ دوورخستنەوەی یان دەستلەکارکێشانەوەی.

10 ڕۆژە پاڵەوانی خزینی سەر بەفر بێ سەروشوێنە



پۆلیسی ئیسپانیا ڕوونی کردەوە کە بلانکا فیرناندێزی پاڵەوانی جیهان لە خلیسکانێتی سەر بەفر ماوەی هەفتەیەکە بێ سەروشوێنە. پۆلیسی ئیسپانیا لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: فرناندیزی تەمەن 56 ساڵ دواجار لە 26ی مانگی ڕابردوو لە ناوچەی ئاراباکا لە مەدرید بینراوە، بەڵام دواجار تەنها ئوتۆمبێلەکەیان دۆزیوەتەوە لە نزیک مەدرید و هیچ شوقینەوارەیکی ئەو پاڵەوانە دیار نییە، جێی باسە فرناندێز لە چوار پاڵەوانیتی ئۆلۆمپیاد بەشداری کردووە و توانیوەتی میدالیای زێڕ بەدەست بهێنی و یەکەمین ئیسپانیشە لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی زستانەدا میدالیای بەدەستهێنابێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 3. Sep. 2019 No: (5820)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

نیگارکێشێکی ڕووسی بۆ خەبات دەدەوێ

ماریا یۆجینا: هەوڵمداوە سەرکێشی و ململانێی ژیان و ڕۆمانسییەت لە وێنەکانم ڕەنگ بداتەوە



دیمانە: هاوار مورتکەیی

ماریا یۆجینا هونەرمەندێکی وڵاتی ڕووسیایە ئەو کەسایەتی خۆی بە ڕۆمانسیەت و گەشت و ژیانی بەشێوازێکی دەگمەن دەخاتە ڕوو و هاوکات ئەو هەموو لایەنەکانی نیگارەکەی بە ڕەنگاو ڕەنگی وینەدەکێشێت، ماریای نیگارکێش لە ساڵی 1988 لە سانت بترسبۆرگی پایەتەختی ڕۆشنبیریی ڕووسیا لەدایک بووە، ماریا لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەبات باس لە هونەر و حەزی بۆ نیگارکێشان دەکات.

چ کاتێک هەستی بە بەهرەکەی کرد؟

نیگارکێشی ڕووسی دەڕچووی ئەکادیمیای ئابووری و بەڕێوەبردنی گشتی سەرۆکایەتی ڕووسیایە، دەڵێت: کە لە قوتابخانە بووم وەک هەر قوتابیەکی دیکە وینەم دەکێشا و نمرەی بەرزم لەسەر وەردەگرت، مامۆستاکان زۆر سەرسام بوون بە وینەکانم، هەر بۆیە ڕێوبان لێدەگرتم و دیاری و خەڵاتیان پێشکەش دەکردم، زۆر جاریش وێنەکانی منیان دەبردە پیشانگای قوتابخانەکانی سەر ئاستی سان بترسبۆرگ، لەوێش وینەکانم لە پێشەنگی وینەی قوتابخانەکانی تر دەهات، ئەوکاتە هەستم کرد کە بەهرەیەکم هەیە و پێویستە کاری زیاتری لەسەر بکەم و پەنجەکانم لەخزمەت ئەو هونەرەوە بەکاریان بهینم.

پەیوەندی لەگەڵ نیگارکێشە بەناوبانگەکان

دواتر ئەو خانمە نیگارکێشە ڕووسییە سەبارەت بە مامۆستای ئەو هونەرەی کە پالپشتی بووە گوتی: سەرەتا هیچ کەسێک نەبوو دەستم بگرێت و مامۆستایەکی تایبەتیم هەبێت بۆ ئەوەی بەهرەکەم زیاتر پێشبخەم، بەڵام ئەوکات زیاتر سوودم لە وینەکانی ڤلادیمیر بازینۆڤ وەردەگرت کە ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی ڕووسیا بوو، دواتر پەیوەندیم بە نیگارکێشە بەناوبانگەکانی ڕووسیاوە کرد لەوانە ڤلادیمیر کۆجقینکۆف کە بەمدواییە نازناری شایستەی هونەرمەندانی ئەوروپای پێبەخشرا، هیندەی نەبرد شەرەفی ئەندامێتی یەکێتی هونەرمەندانی ڕووسیام وەرگرت، ئەویش دوای کردنەوەی چەندین پیشانگا کە دەنگۆی زۆری لە سانت بترسبۆرگ نایەوە.

نیگارەکان ڕەنگدانەوەی سەرکێشی

لە کۆتاییدا ماریا یۆجینای خانمە نیگارکێشی بەناوبانگی ڕووسی سەبارەت بە دیارترین پیشانگا و خولیای چ جۆرە شێوازێکی نیگارکێشانە گوتی: تابلۆکانم زیاتر کلاسیکین و زیاتریش خەزەکەن نیگاری سەر قوماش بکێشم، بە نیگارەکانم دەمەوێ ئەو پەیامە بگەیەنم کە گەشت و ڕۆمانسیەت بۆ ژیانی هەموو مرۆڤێک پێداویستییەکی گرنگە و هەوڵمداوە نیگارەکانم لەم سۆنگەیەوە ڕەنگدانەوەی هەبێت و تا ئاستێکیش لەمەدا سەرکەوتوو بووبێم، پەیامی من لەو نیگارانە زیاتر بۆ مرۆڤەکانە کە چێژ لە ژیان و گەشت و ڕۆمانسییەت وەرگرن و هەوڵمداوە نیگارەکانم ڕەنگدانەوەی سەرکێشی و ململانێی ژیان بێت.



یەکێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی ماریا



دەرکەوتنی گوڵی (بیبی خانم) نیشانەی ڕەوینەوەی گەرمایە

دەرکەوتنی گوڵی قەرەقۆز یان بیبی خانم، هاوکاتە لەگەڵ هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ و، هاووڵاتییان بە نیشانەی ڕەوینەوەی وەرزی گەرمای دەزانن.ئەم گوڵە لە نیوەی دووەمی مانگی ئاب و سەرەتای مانگی ئەیلوول، لە ناوچە کوێستانەکان دەڕوێت و بالای نزیکەی ٢٠ سانتیمەتر دەبێت و پێویستی بە بارانبارینیش نییە.



وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق ڕێز لە ڕۆژنامەی خەبات دەگرێت

خەبات: عەباس محەمەد سەعید دەڵۆ

وزارەتی ڕۆشنبیری عێراق لە دێژەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی (خۆشەویستی و ئاشتی لە خاکی ئاشتی) لە هۆڵی (النخب) لە شەقامی بەناوبانگی موتەنەبی شاری بەغدا چەند چالاکییەکی ئەنجامدا، کە ئەم بەشەی فیستیڤاڵ تایبەت کرابو بۆ شاری خانەقین ، سەرەتا گروپی ئەڵوەن گرافیک گروپێکی مەدەنی خۆبەخشە لە شاری خانەقین پیشانگایەکی فۆتۆگرافی کردەوە کە گوزارشتی دەکرد لە کلتوور وکەلەپوری خانەقین ، دواتر چەند پارچە شیعرێک خوێندرانەوە و بڕگەکانی فیستیڤاڵ دەستی پێکرد ، دوابەدوای ئەوە خەڵاتی فیستیڤاڵ بەخشرایە سەربەست برزۆ پەیامنێری خەبات لە خانەقین لەپای ئەو خزمەتەی کە

(ڕۆژنامەی خەبات) دەیکات بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی خانەقین و زیندو کردنەوەی مێژوو کەلتوورەکەی، خەڵاتەکە لە لایەن کەسایەتی ناودار و و نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی سەباح زەنگە پێشکەش بە پەیامنێری خەبات کرا. هەروەها ئەڵوەن گرافی و لقی خانەقینی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ڕادیۆی مەدەنیەت لە خانەقین خەڵاتی فیستیڤاڵیان وەرگرت

تەلەسکۆپی جێمس وێب ئامادەیە بۆ تاقیکردنەوە

ئەندازیار کێوان حسن

جێمس وێب سەد ئەوەندەی تەلەسکۆپی هابڵ بەهێزتر و هەستیارترە، هەرە ئاڵۆزترین ئامێر و تەکنەلۆژیایە کە تاوەکو ئێستا بەدەستی مرۆڤ دروستکرابێت، لوتکە و نوێترینی هەموو تەکنۆلۆژیاکان کە لەبەردەستی ئەمەریکا و جیهانە تیایدا بەکارهاتووە...جێمس وێب دەتوانێت پشکنین بۆ نیشانە بایۆلۆژیەکانی هەسارە دوورەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر بکات -Bio logical.Marks، لەوانەیە بۆ یەکەمجار پرس و ئەگەری ژیان لەهەسارەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خۆری ئێمە واتە لەنێو گەلەئەستێرەکەمان یەکلایی بکاتەوە، چاوی ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ سەرەتای تەقینەوە گەورەکە، بۆ تەنیا نزیکەی 300 هەزار ساڵ دوای دروستبوونی گەردوون، چاوەڕوان دەکرێت گەلێک لەنهێنیەکانی گەردووئمان بۆ ئاشکرا بکات، هەروەها وەڵامی هەندێک لەو پرسیارە قورسانەمان بۆ بداتەوە کە لەوەتەی هەڵدانی تەلەسکۆپی هابڵ لامان دروست بووە..!جێمس وێب توانای بینینی تیشکەکانی خوار سووری نێو گەردوونی هەیە بۆیە دەتوانێت زۆر زیاتر و قوڵتر ببینێت لە تەلەسکۆپی هابڵ، لە خولگەیەکیش جێگیر دەکرێت بە دەوری خۆر کە لەدووری نزیکەی یەک ملیۆن و نیو کیلۆمەتر دەبێت لە گۆی زەوی دوور لە کاریگەری هێزی کێشکردنی زەوی، لەڕاستیدا لەگەڵ گۆی زەوی وەکو پاشکۆیەک لەو خولگەیە وەکو گۆی زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە...بەپێی خشتەی ناسا چاوەڕوان دەکرێت تەلەسکۆپی جێمس وێب لەبەرواری 30ی ئازاری ساڵی 2021 هەڵبدرێت بەرەو بۆشایی ئاسمان و لە خولگەکەی جێگیر بکرێت... وێنەکان و هەواڵەکە 28ی ئاب لەلایەن ئاژانسی ناساوە بڵاوکراوەیەوە..

